دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٩٧، سێشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

■ ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی بەبۆنەی شەهیدبوونی کاک لوقمان مێهفەر ٢

■ ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات پێشوازیی لە بنەماڵەی شەهید «لوقمان مێهفەر» کرد ٢

■ پێشمەرگەکانی شاخ لە گەڵ بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر پەیمانیان نوێ کردەوە ٣

ڕاگەیەندراوی بەڕێوەبەریی تێلێڤیزیۆنی تیشک ٤





پەیامی بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ناوبراو ٦



هەڵدان و دروستبوون و پێگەیشتن ... ٨



دیمانەی کوردستان ١٠



# دواماڵاویی لە یادگاری حەماسەکانی کێلەشین و پیران



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی و هەیئەتی هەندێک لە لایەنە سیاسییەکانی دیکە و نوێنەری دامودەزگا حکومەتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی شەهیدی «لوقمان مێهفەر»، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزب و نوێترین شەهیدی حیزب بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە تەرمی شەهید بە گوڵەوە پێشوازی لێکرا و بە ڕێژە و سانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو مەزاری شەهیدانی حیزب ڕەوانە کرا.

لەو بەشەدا بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، تەرمی شەهید «لوقمان مێهفەر» لە مەزارگەی شەهیدانی حیزب، ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرا.

دواتر چەند کۆپلە لە سروودی «ئەی شەهیدان» لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە.

پاشان «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەنیسبەت کەسایەتیی بەرزی شەهید «لوقمان مێهفەر» چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا وتی: «شەهید لە فەرهەنگ و کلتووری حیزبی دێموکراتدا بەهای زۆر بەرزی هەیە، هەر ئەوە نییە کە لە حیزبەکەیدا خەبات دەکات، بەڵکوو بەرزیی شەهید لە حیزبی دێموکراتدا، ئامانجە بەرزەکەیەتی کە ڕزگاریی نەتەوەکەیەتی، بۆیە هەر کەسێک لەڕێگای نەتەوەکەیدا شەهید بێت سەربەرزییەکی گەورەیە کە بەنەسیبی دەبێت چونکە خۆی فیدای گەل و نیشتمانەکەی کردووە».

هیجری هەروەها وتی: «کاک لوقمان کادرێکی لێوەشاوەی حیزب، کادرێکی ڕێبەریی حیزب بوو کە لە تەمەنی هەرەتی لاویدا پەیوەست بوو بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە بوارەکانی جۆراوجۆری خەبات لەو حیزبەدا هەمووی تاقی کردنەوە، لە پێشمەرگایەتی و لە بەڕێوەبەری و ئەندامەتیی ڕێبەرایەتی، ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک نا.»

دواتر «حەسەن شەرەفی» جێگری لێپرسراو و بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نوێنەرایەتیی ناوەندی سیاسی و ڕێبەریی حیزب چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا ڕایگەیاند: «شەهید لوقمان مێهفەر هەر لە کۆنەوە ئۆگری خەباتی ڕزگاریخوازانەی لەپێناو نیشتمانەکەیدا بوو و هەر لە تەمەنێکی زۆر کەمدا تێکەڵ بە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو و لەو ڕێگایەدا هیچ فیداکارییەک نەما کە نەیکات، بۆیە لەدەستدانی شەهید لوقمان مێهفەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا زامێکی قووڵی نوێیە لەسەر جەستەی حیزبەکەمان، خەسارێکی بەرچاوە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان».

شەرەفی لە درێژەدا وتی: «کاک لوقمان ئەگەر زەمینە فکرییەکانی بەستێنسازی جێگیربوون لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بوو، بەستێنسازێکی دیکەش لەنێو بنەماڵەکەیدا هەبوو کە دەرەتانی بەکردەوەیی ئەو خەباتەیان بۆ شەهید لوقمان دەرەخساند ئەویش ئەندامانی بنەماڵەکەی بوو».

یەکێک لە یادگارەکانی شەهید «لوقمان» واتە خوشکە «گەلاوێژ مێهفەر» لە دوورە وڵاتەوە، لە پەسنی باوکی شەهیدیدا پەخشانێکی هۆنیبووەوە کە لەلایەن پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا کە کەشێکی تایبەتی بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی.

پاشان پوختەیەک لە ژیانی پڕبەرهەمی شەهید «لوقمان مێهفەر» لەلایەن « فواد خاکی بەیگی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەدا «قادر مێهفەر» کوڕی شەهید «لوقمان» بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی «مێهفەر» چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا ڕایگەیاند کە کۆستێکی قورس وەبەر بنەماڵەکەمان و لەپێشدا وەبەر حیزبی دێموکرات و گەلی کورد کەوتووە و باری خەممان بە قەد قەندیل و هەڵگوردە.

«قادر مێهفەر» بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی مێهفەر ڕایگەیاند، وەک چۆن باوکیان هەتا سەر پێشمەرگەیەکی وەفادار بە ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکەی بووە و لەو ڕێگەیەدا گیانی لەدەست داوە، ئەوانیش درێژەدەری ڕێبازەکەی بن.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا تاجە گوڵینەی ڕێزلێنان لەلایەن «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزب و «قادر مێهفەر» کوڕی شەهید «لوقمان مێهفەر»ەوە لەسەر گڵکۆی شەهید لوقمان دانرا.

شەهید «لوقمان مێهفەر»، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوە، پاش یەک مانگ بەربەرەکانێ لەگەڵ پەتای کۆرۆنا، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و ڕێگا و ڕێبازەکەی بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی پڕسەروەریی سەرجەم شەهیدان بەجێ هێشت.

دوابەدوای شەهیدبوونی هاوڕێ لوقمان مێهفەر شەپۆلێکی بەرین لە هاوسۆزی و هاوخەمی ئەویندارانی ڕێگای سەربەستی بە حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی میهفەر گەیشتووە کە لەم ژمارەیدا وێڕای دەقی پەیامی بەڕێزان لێپرساوی گشتیی، بەرپرسی ناوەندی سیاسی و بنەماڵەی مێهفەر و هەروەها چەند ڕاپۆرتی پێوەندیدار دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.

## پەیڤ

کەلاوە

### کەریم پەرویزی

هەندێك دەسەڵاتی سیاسی هەیە کە لە کاتی پێناسەکردندا دەتوانی وەکوو سیستمی دێموکراتیك یان نیمچە دێموکراتیکیان پێ بڵێی یان بڵێی ئەم سیستمە تۆتالیتەرە یان پاوانخوازە. پێناسەکردنی سیستمی سیاسیی حاکم بە سەر وڵاتێکدا چوارچێوەیەکی گشتی و زێهنیەتێکی گشتگیر دروست دەکات و چاوەڕوانیت لەو سیستمە ئەوە دەبێ کە کردارێکی چاوەڕوانکراو لە چوارچێوەی وەها پێناسەیەك بکا؛ بەڵام بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانی وەها پێناسەیەکی بۆ بکەی، چوونکە کردارەکانی ئەم ڕێژیمە لەو چوارچێوانەدا جێ ناگرن و لەڕاستیدا گەر وەهای پێناسە بکەی، چاوەڕوانییەکت لە لا دوست دەبێ کە پێتوایە ئێستە لەم بوارەدا ئەم ڕێژیمە ئاوەها دەکات، کەچی جۆرێکیتر لە کرداری لێ دەبینی!

بەڕوونی بڵێین، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا دەتوانی پێناسەی «کەلاوە»ی بۆ بکەی. چوونکە نەك لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەم وڵاتی وێران کردووە و هەم خودی دەزگای حاکمیەتیش بۆتە وێرانەیەکی تەواو، بەڵکوو لە کردەوە و گوتاری ڕێژیمیشدا کەلاوەیەکی وێران بەتەواو مانایە.

باسی دارمانی سیستمی ئابووری و سیاسییەکەی لەلایەك و باسی دارمانی ئەم ڕێژیمە لەبەردەم ڤیرووسی کۆرۆنادا لەلایەکی دیکە ڕاوەستێ کە خودی وەزیری تەندروستیی ڕێژیم دەڵێ لەبەرامبەر کۆرۆنادا شکستیان خوارد بەڵام ئەوەی ڕوونتر لە هەمووکات بەرچاوە، هەڵوێست و کرداری ڕێژیم لە بڕگە زۆر هەستیار و ڕووداوە چارەنووسسازەکاندایە کە تەنیا دەتوانی پێی بڵێی ڕێژیمێکی کاول!

کەلاوەبوونی ئەم ڕێژیمە ئەوکاتە بەڕوونی دیارە کە بەرپرسی پەروەندەی چەکە ناوکییەکانی کە پاسدارێك بوو بەناو فەخریزادە، دەکوژرێ و بەرپرسانی ڕێژیم نازانن کە چۆن کوژراوە و چی ڕووی داوە!؟ هەرکامەیان سێناریۆیەك باس دەکەن و دوایەش بێدەنگیی لێ دەکەن!

لە بنکەی ناوکیی نەتەنزەکەیان کە دەیان میلیارد دۆلاریان تێدا هەزینە کردووە و بەبۆنەی ئەو پەروەندەوە، سەدان میلیارد دۆلار زەرەر لە ئابووریی وڵاتیان داوە و سەدان میلیارد دۆلاریان لە گەمارۆکان بە بۆنەی دوو بنکەی وەکوو نەتەنزەوە تووش بووە، کەچی لەکاتی تەقینەوە و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی ناوەندی هاوکاری سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک لوقمان مێهفەر

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک لوقمان مێهفەر ئەندامی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی پرسە و هاوخەمییان بۆ حیزب نارد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، پەتای کرۆنا بووە هۆکاری گیانلەدەستدانی کاک لوقمان مێهفەر تێکۆشەری دێرین و ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران.

کۆچی دوایی کاک لوقمان مێهفەر وەک خەباتگێڕێکی ماندوونەناس، دوای چل ساڵ تێکۆشان، بۆ ناوەندی هاوکاری خەمێکی گەورە و گران بوو.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاک لوقمان مێهفەر و ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

بێگومان لەدەستدانی هاوڕێیانی دێرین و تێکۆشەری وەکوو کاک لوقمان مێهفەر خەسارێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# پەیامی هاوخەمیی یەکەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات

زۆر بەڕێز ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

زۆر بەڕێز دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەداخێکی گرانەوە ئەمڕۆ بەیانیی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٤/١٠ ئاگادار کراینەوە کە هاوڕێی خۆشەویست کاک لوقمان مێهفەر ئەندامی ناوەندی سیاسی و تێکۆشەری لەمێژینەی گەلەکەمان پاش یەک مانگ بەربەرەکانێ لەگەڵ پەتای کۆرۆنا، کۆچی دوایی کرد.

بەبۆنەی کۆچی ناوەختی کاک لوقمان مێهفەر لەلایەن خۆمان و سەرجەم ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز، بنەماڵەی بەڕێزیان، خۆمان و سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەکەین.

لەدەستدانی کاک لوقمان کە نزیک بە هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەت و لەپێناو ڕزگاریی گەل و نیشتمان تەرخان کرد، خەساری گەورەیە کە لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت.

بەم بۆنە ناخۆشەوە جارێکی دیکە بە دڵێکی پڕ لە ئازار بەڵام بە باوەرمەند بوون بە ڕێبازەکەمان، بەڵێن دەدەین هەتا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کاک لوقمان و هەموو شەهیدانی کوردستان ڕێبواری هەتا سەر وەفاداری ڕێگەیان بین.

**بە حورمەتەوە**
**یەکەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات**


# ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران پێش بە دانانی پرسە و سەرەخۆشیی شەهید لوقمان مێهفەر دەگرێت

ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» ئاشکرای کرد ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕێوشوێنی توندی ئەمنیی گرتووەتە بەر و بە هەموو شێوەیەک پێش لە دانانی پرسە و سەرەخۆشیی شەهید لوقمان مێهفەر دەگرێت. ئیدارەی ئیتلاعات بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر و کەسوکاری خستووەتە ژێر چاوەدێری و هۆشدارییان پێ داون کە بە هیچ شێوەیەک نابێ هیچ کۆبوونەوەیەک و پرسە و سەردانکردنێک لەو ماوەیەدا بەڕێوە بچێت.

ڕێژیم لە شەپۆلی هاوخەمی و هاوسۆزیی بەرینی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهید لوقمان ترسی لێ نیشتووە و لە هەموو کۆبوونەوەیەکی هاوسۆزیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تۆقیوە.

هەروەها ئیتلاعات هەڕەشەی لە دوو برای شەهید «لوقمان مێهفەر» بە ناوەکانی حاجی «عوسمان مێهفەر» و «فەهیم مێهفەر» کردووە کە نابێ سەرەخۆشی دابنێن.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێی تێکۆشەر کاک لوقمان مێهفەر




هاونیشتمانیانی بەڕێز

دڵسۆزان و ئۆگرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لایەنگران، ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەوپەڕی داخ و پەژارەوە ڕادەگەیەنین کە هاوڕێی ماندوونەناس و دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک لوقمان مێهفەر ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی پاش مانگێک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆڕۆنا، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٠ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی لەگەڵ خەمێکی قووڵ و حیزبەکەمانی لەگەڵ خەسارێکی نوێ بەرەوڕوو کرد و درێژەی خەبات و خۆڕاگری بە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ئەسپارد. لەدەست چوونی ئەم تێکۆشەرە تەنیا خەسارێکی نوێ بۆ حیزبەکەمان نەبوو بەڵکوو زامێکی تازەیە کە کەوتۆتە سەر جەستەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

شەهید کاک لوقمان مێهفەر کوڕی خورشید ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە ئاوایی مەلا عیسا لە ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆ لەدایک بووە. لەتەمەنی مێرمنداڵیدا ئۆگری بە بزووتنەوەی کوردستانەوە گرت و لەپێناو ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستاندا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات و دواتر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جێی گرت و تا دواهەناسەکانی ژیانی لە هەوڵ و تێکۆشان و بەڕێوەبردنی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەردەوام و شوێندانەر بوو.

هاوڕێی لەدەست چوومان کاک لوقمان مێهفەر لەڕەوتی تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرا دا چەندین بەرپرسایەتیی لە ئەستۆ بووە کە لە هەموو ئەو بەرپرسایەتییانەدا بەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە تێکۆشاوە و لێهاتوویی خۆی نیشان داوە.

شەهیدی نوێمان کاک لوقمان لە کۆنگرەکانی ٩، ١١ و ١٢دا وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەکانی ١٠، ١٣، ١٤ و ١٥دا وەک ئەندامی ئەسڵی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

هاوڕێی لەدەست چوومان لە ڕێبەرایەتی حیزب و لە ڕەوتی تێکۆشانیدا چەند بەرپرسیارەتی بەرچاوی لە ئەستۆ بووە وەک: بەرپرسی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی، جێگری بەرپرسی کومیسیۆنی سیاسی- نیزامی، بەرپرسی کومیسیۆنی ڕادیۆ، بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان و لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبدا وەک ئەندامی ناوەندی سیاسیی هەڵبژێردرا و دوایین بەرپرسایەتیی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی بوو.

شەهید لوقمان هەر لە پەنا کار و تێکۆشانی حیزبیدا درێژەی بە خوێندن دا و لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لیسانسی حقووقی وەرگرت و بوو بە پارێزەر بە پلەی ڕاوێژکاری.

شەهید لوقمان کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەرزی ئینسانی بوو؛ لە تێکۆشاندا جیددی لە کاردا ماندوویی نەناس و لە کۆمەڵدا ئۆگری پێوەندی گەرم لەگەڵ خزمان، دۆستان و هاوڕێیانی بوو؛ باوەڕی قووڵی بە ڕێبازی حیزب و ئازادی کورد و کوردستان هەبوو، هەربۆیەش لای هەمووان خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو.

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ئەم خەسارە تازەوە وێڕای دەربڕینی ئەوپەڕی داخ و پەژارەی خۆی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز هاوڕێی شەهیدمان کاک لوقمان مێهفەر، هەموو خزم و دۆست و ئاشنایان، ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب و گشت لایەنگران، ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی دەکا و داوای سەبوری بۆ هەموو خەمهەڵگرتووەکانی ئەم خەسارە تازەیە دەکا.

**ڕۆحی هاوڕێی شەهیدمان شاد و ڕێبازی پڕ ڕێبوار و ئاواتەکانی بێنەدی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٠ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی**

# ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات پێشوازیی لە بنەماڵەی شەهید «لوقمان مێهفەر» کرد

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵەی شەهیدی نوێی حیزب پێشوازیی لە بنەماڵەکەی کرد.

لە ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی بە ئامادەبوونی «حەسەن شەرەفی» بەرپرسی ناوەندی سیاسی و ئەندامانی ناوەند، پێشوازییان لە بنەماڵەی شەهید «لوقمان مێهفەر» کرد.

لەو سەردانەدا «حەسەن شەرەفی» وێڕای بەخێرهێنانی بنەماڵەی شەهید لوقمان جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کۆستە بۆ ئێمە لە ناوەندی سیاسی کە هاوکاری کاک لوقمان بووین زۆر ئەستەمترە، هەر بۆیە بە درێژەپێدانی ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان، شێلگیرتر لە جاران درێژە بە خەبات دەدەین.

بنەماڵەی شەهید لوقمان، وێڕای سپاسی ناوەندی سیاسی ڕایانگەیاند کە پەیامی



شەهید لوقمان، پەیامی ئێمەیە، ئەمڕۆ لە شوێنی کاری شەهید لوقمان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە بەردەوام بین لەو خەبات و تێکۆشانە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، کاک «لوقمان مێهفەر» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش مانگێک بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشیی کۆرۆنا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە سەنگەری خەبات کرد و تێکەڵ بە کاروانی هەرگیز نەمری شەهیدان بوو و درێژەی خەباتی بە هاوسەنگەرانی ئەسپارد.

# پەیامی هاوخەمیی مامۆستا «حەسەن شێوەسەڵی»

«زیرکی را گفتم این احوال بین خندید و گفت؛ صاحب کاری بوالعجب روزی پریشان عالمی»، ئەوە چەندەمین جارە لە کارەساتە زۆر تاڵەکاندا هۆنراوە پڕ لە برک و ژانەکەی حافیزی شیرازی موناسبی حاڵی خۆم دەبینمەوە.

لەوەتا هەواڵی گیرۆدەبوونی کاک «لوقمان»م بە ناسازییەکەی و بەرەنگاری و دەست و پەنجە نەرمکردنی ئەو کەسایەتییە خۆڕاگر و خاوەن باوەڕە لەگەڵ نەخۆشییەکەییم بە گوێ گەیشتبوو هەتا دوو ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ کاک قادر مێهفەر لە پێوەندی یبەردەوامدا بووم. دو ڕۆژ بوو خامووشێکی نائاسایی لە پێوەندییەکماندا پێک هاتبوو منیش لە ترسی وەرگرتنەوەی هەواڵی ناخۆش زاتم نەبوو پێوەندی لەگەڵ کاک قادر یان بنەماڵەکەی بگرم.

هەتا سەرئەنجام ئەوەی بە دڵەکوتکە و وەحشەت و ترسەوە چاوەڕوانیم دەکرد چەندین سەعات بوو لە میدیاکان وەک هەواڵێکی سارد و دڵتەزێن بڵاو ببۆوە، بەداخەوە ئێمەش وەک هەوسەنگەران و نیزیکان و بنەماڵەی بەڕیزیان بە ناچاری تەسلیمی حەقیقەتی تاڵی کۆچی دوایی کاک «لوقمان» بووین.

باسکردن لە ژیانی کاک «لوقمان» کارێکی سەخت و دژوارە و لە هەر گۆشەیەکەوە ئاماژەی پێ بکەین و چاو لە ژیانی کاک «لوقمان» بخشێنین، تووشی ئەوەندە ڕووداو و چیرۆکی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ دەبین کە ئاوا بە ئاسانی ناگەینە کۆتاییەکەیان و ناتوانین ئەوە بە ئاسایی لێیان دەرباز بین. گیانفیدایی و لەخۆبردوویی، هیلاکی و ئارەق ڕشتن، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و ڕاونانیان، پێشڕەوی و پاشەکشەی ژیرانە، حەماسە و خوێن، نەبەردی خوێناوی و سەرکەوتنی یەک لە دوای یەک، ئەو شانازییانە و دەیان شانازیی دیکەش بەشێکی زۆر کەمی شانازییەکانی کاک «لوقمان مێهفەر» پێک دێنن.

کاک «لوقمان» هەر لە سەرەتای لاوییەوە زیاتر لە چل ساڵ بوو بە هێزی پەنجەی بەهێزی و زمانە پاراوەکەی دیفاعی لە گەلە چەوساوەکەی خۆی دەکرد، وەک مافناسێک بە قەڵەمە بەتواناکەی خۆی لە هەموو مەیدانەکان، بەرەنگاری خوێنمژان و دژە کوردان بووە. من دوای شۆڕشی ئیران لەگەڵ کاک «لوقمان» ئاشنا بووم، لەو کاتەیەوە لە زۆر جێگایان گەیشتووینەتەوە یەکتر و لە زۆر پردەبازان پەڕیوینەتەوە و لە زیاتر لە چل ساڵدا دوور و نزیک پێکەوە ڕێبواری ڕێگایەکی دوورودرێژ و پڕ هەوراز و لێژ بووین. ئێستا کە سیسارگی پیری تەقدیر بە ئەوپەڕی بێ ڕووحمییەوە ئێمەی لێک دابڕیوە، لەدەستچوونی کاک «لوقمان» هەم وەکوو هاوسەنگەرێکی زۆر نزیکی خۆم و دڵسۆزی تێکڕای بنەماڵەم هەم وەکوو کەسایەتییەکی نێو ڕێبەری و مافناسێکی ماندوویینەناس لە هەموو پانتایی و مەیدانەکاندا بە زامێکی گەورە دەبینم. بەداخم کە هەر ئەوەندەمان لەدەست دێت کە هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆم و بنەماڵەم ڕاستە و خۆ بە چالاکانی ناوەندی سیاسی و لە ڕێگای ئەوانەوە لە نووکەوە بە یەک یەکی ئەندامانی ڕێبەری و باقیی ئەندامان و هەوادارانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدان و دۆستانی ئازادیخوازمان و بە تایبەتی بە بنەماڵەی داغ دیتوویان ڕابگەیەنم.



سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی بۆ هەمیشە خەوتووی گۆڕستانی بە کۆمەڵی نێو زوورکانەکانی دەشتی کۆیە و بەتایبەتی شەهیدانی لە پاڵ یەکتردا خەوتوو «مامۆستا مەلا عەبدوالڕحمانی ئازارچشتوو و هاوژینی بەڕێزیان، کاک ڕەسووڵی محەممەدزادە و کاک لووقمان»ی تازە خەوتوی لەدەستچوومان.

**گەلی کورد سەر ساغ و خۆش و سەرکەوتوو بێت و بەیداخی سەرشانی کاک «لوقمان» و باقیی شەهیدانمان هەروا بەرز و شەکاوە بێت.**
**بنەماڵەی حەسەنی شێوەسەڵی**
**١٠ی ئاوریلی ٢٠٢١**

# وەفاداری و ئەمەگناسی

دوابەدوای شەهیدبوونی هاوڕێ لوقمان مێهفەر دەیان حیزب و لایەنی سیاسی و هەروەها کەسایەتی ناسراوی کوردستانی پەیامی بەداخبوون و سەرەخۆشییان بۆ حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی مێهفەر نارد کە لێرەدا ئاماژە بە ناویان دەکری:

«عەلی حوسێن»، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان

«ئەبووبەکر مودەڕڕسی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران

پارتی سەربەخۆیی کوردستان

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دێموکراتی کوردستان

نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سوریە لە هەرێمی کوردستان(ئەنەکەسە)

پارتی ئازادیی کوردستان- باکوور

پارتی سوسیالیستی کوردستان باکوور

پارتی ماف و ئازادی(هاکپار)

ناوەندی ڕەوەندی کورد لە دیاسپۆرا

یەکگرتووی ئیسلامی

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

کوردستان تریبووناڵ

عارف باوەجانی، سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

لێژنەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سوئید

فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئید

کۆمیتەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی کوردستانی ئێران

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران - یزاکا

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان

کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

مامۆستا «عەبدوڵڵا حەسەنزادە»، تێکۆشەری دێرینی دێموکرات

‹›باپیر کامەلا‹› سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

سمکۆ یەزدانپەنا

ئەحمەد شێخە دێگەیی

مەلا برایم مەجیدپوور کەسایەتیی سیاسی و نیشتمانپەروەر

دوکتور خوسرەو عەبدوڵڵاهی

کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات

کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردستان

باباعەلی مێهرپەروەر، کەسایەتیی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات

جەعفەر حامدی کەسایەتیی سیاسیی کورد

فەتحی میرزائیان دەرهێنەری فیلمی « شەقامی دوکتور قاسملوو»

کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و نووسەران و مامۆستایانی ئایینیی پیرانشار

دوکتور «ڕۆژان ئاشتاب» چالاکی سیاسی

‹›کەریم بەحری برادۆستی‹› پارلمانتاری پێشووی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

هاوکات دەیان پەیامی هاوخەمی و هاوسۆزی لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هەروەها دڵسۆزانی نیشتمان و بنەماڵەی سەربەزی شەهیدانەوە بە ڕێگای جۆراوجۆر ئاراستەی لایەنی پێوەندیدار کراوە کە بەم چەشنەن:

پێشمەرگەکانی شار لە سەقز

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی مەرگەوەڕی سەر بە شاری ورمێ

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە هەورامان

ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان

پێشمەرگەکانی شار لە جوانڕۆ

ئەندامانی حیزب لە پیرانشار

ئەندامانی حیزب لە شاری شنۆ

ئەندامانی حیزب لە گوندی مێراو

بنەماڵەی شەهید «هەمزە بێهنام»

ئەندامانی حیزب لە گوێکتەپەی شارۆێرانی سەر بە شاری مەهاباد

تەشکیلاتی نهێنیی شاری سەردەشت

ئەندامانی حیزب لە کامیاران

ئەندامانی حیزب لە سەلاسی باوەجانی

پێشمەرگەکانی شار لە مەریوان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە

لاوانی دێموکراتی نێ

چەند بنەماڵەیەکی پێشمەرگە لە مەهاباد

سێ تێکۆشەری دێرین «محەممەدە ڕەشە، سەید ڕەسووڵ ئەحمەدی و ئیبرایم لاجانی»

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گەلیی قاسملوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە چۆمی «مەجید خان»

بنەماڵەی شەهید «عوسمان ڕۆیان»

ئەندامانی نهێنیی تەنگیسەر و نییەر

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان ‹›حەمە ئەندێزیی و شەهید سەعدون خاڵدار‹›

بنەماڵەی سەربەرزی شەهید ‹›عوسمان حەسەن پوور‹› ناسراو بە ‹›عوسمانی حاجی حەولا‹›

ئەندامانی حیزب لە ناوچەی لەیلاخی سنە

پێشمەرگەکانی شار لە ئیلام

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە سنە

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە هەوشار

کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردی زانستگەکانی ئێران

بنەماڵەی شەهید ‹›هیدایەت عەبدوڵڵاپوور‹›

پێشمەرگەکانی شار لە ئەوێهەنگ سەر بە ژاوەرۆی سنە

بنەماڵەی شەهید «مەنسوور فەتاحی»

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی تەرگەوڕ

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد

بنەماڵەی شەهیدان: «محەممەد محەممەدیان، ڕەسووڵی ئازەرەخش ئەندێزی، عەزیز ئازەرەخش، خێزانی ڕەسووڵی ئازەرەخش ئەندێزی و مەهتاب محەممەدیان»

بنەماڵەی شەهیدان برایم شێخاڵی و مەلا ڕەسووڵ گەردی

بنەماڵەی شەهید ئەبووبەکر ئیسماعیل نژاد

بنەماڵەی شەهیدان ئیدریس(ئاوات) دەروێشی، ئەبووبەکر دەروێشی و عەبدولباقی دەروێشی

بنەماڵەی شەهید محەممەد عەزیزی ناسراو بە حەمە لەتیف و شەهید سدیق فیرووزی

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی دەشتەبێل

بنەماڵەی شەهیدان لە شارەکانی نۆدشە، نەوسوود، پاوە و گوندەکانی ناوچەی هەورامان

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی مەیدانان سەر بەشاری بانە

کۆمەڵێک لە زیندانییانی سیاسی لە زیندانی نەغەدە

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی مێراو

## پێشمەرگەکانی شاخ لە گەڵ بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر پەیمانیان نوێ کردەوە

ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان جێگیر لە چیاکانی کوردستان بە نوێنەرایەتیی پێشمەرگەکانی شاخ، سەردانی گڵکۆی شەهید «لوقمان مێهفەر»یان کرد و بە دانانی تاجەگوڵینەی ڕێزلێنان وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی شەهید لوقمان، جەختیان لەسەر درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان و بەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان کە ئازادیی کورد و کوردستانە کردەوە.



دواتر لە دیدارێکدا لەگەڵ بنەماڵەی شەهید «لوقمان مێهفەر» پێشمەرگەکانی شاخ بە گرینگییەوە باسیان لە ڕۆڵی شەهید لوقمان لە ڕاسان و پێگەیاندنی پێشمەرگە گەلەکەمان کرد. لەو دیدارەدا «قادر مێهفەر» وێڕای بەخێرهاتنی پێشمەرگەکانی شاخ و سپاسی هاوخەمییان باسی لە گرینگیی پێگەی پێشمەرگە لە بزاڤی گەلەکەمانی کرد و باسی لەوە کرد: «وەک بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر خۆمان بە خزمەتکاری پێشمەرگە و ئامانجی پێشمەرگە دەزانین و شانازی بە وجوودی ئێوەوە دەکەین و لەو ڕێگەیەشدا بۆ پشتیوانی و خزمەتی پێشمەرگە ئەرکی خۆمان دەزانین». هاوکات خاتوو «خەدیجە» خێزانی شەهید لوقمان، وێڕای سپاسی پێشمەرگە، دووپاتی کردەوە کە شەهید لوقمان مڵکی میللەتی کوردە و خەمی لەدەستدانی شەهید لوقمان خەمی کورد و بە تایبەت پێشمەرگەیە، درێژەپێدانی ڕێگای شەهیدان ئەرکی هەموومانە.

پێشمەرگەکانی شاخ لەو دیدارەدا پەیمانیان نوێ کردەوە کە هەتا دواهەناسە درێژە بە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان دەدەین.

## سپاس و پێزانینی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێ و هاوخەباتەکانی شەهید لوقمان مێهفەر

لە ڕێکخستنەکانی نێوخۆی حیزبە تێکۆشەرەکەمان

لەدەستدانی کەسایەتیی هەڵسوڕ و ماندوونەناسمان؛ لە ڕیزی کادری ڕێبەرایەتی و هاوکاری دەزگای ڕێکخستنی حیزبەکەمان خەسارێکی گەورە و داخێکی گران بوو کە لە هەزاران پەیامی پرسە و سەرەخۆشی، پەیمان نوێکردنەوە و هاوخەمیتاندا بۆ دەزگای ڕێکخستنی حیزبەکەمان ڕەنگی دایەوە. دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە تاک و شانە و کۆمیتەکانی ڕێکخستنی حیزبەکەمان، سپاس و پێزانینی خۆی دەردەبڕێ و دڵنیایە لە درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانمان تا وەدەستهێنانی ئامانجی گەلەکەمان کە ئاواتی شەهید لوقمان مێهفەری هاوڕێمان و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلەکەمانە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە

سپاسنامە و پێزانین

بە دوای شەهیدبوونی هاوڕێ کاک «لوقمان مێهفەر» ئەندامی ناوەندی سیاسی، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کەسایەتییەکان، ئۆرگانەکانی حیزب، دۆستان و نزیکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چ بە ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید «لوقمان مێهفەر»، چ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن یان ناردنی پەیام و نامە یان لە ڕێگای پێوەندیی تەلەفۆنییەوە لە نێوخۆی وڵات، لە دەرەوەی وڵات و لە باشووری کوردستان، هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی شەهید «لوقمان مێهفەر» دەربڕیوە. لەو پێوەندییەدا ناوەندی سیاسی بە ئەرکی خۆی دەزانێت سپاس و پێزانینی خۆی لەو شەپۆلە لە هاوخەمی بۆ هەر تاکێک و هەرلایەنێک دووپات بکاتەوە و هیوادارین هەموو لایەک لە هەر ناخۆشییەک و خەمی لەم بابەتە بەدوور بن.

**«ڕۆحی شەهید لوقمان مێهفەر شاد بێت»**
**لەگەڵ ڕێز و سپاسی دووبارەمان.**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**

## درێژەی پەیڤ

وێرانکرانی نەتەنزدا، سەرانی ڕێژیم نازانن چی ڕووی داوە و هەرکامەیان شتێك دەڵێن و لە کۆتاییشدا ناوی نەفەرێك دێنن و دەڵێن ئەو نەفەرە کارەکەی کردووە و لە فڕۆکەخانەکانی ئێرانیشەوە چۆتە دەرەوەی ئێران!

یان جێگری فەرماندەی سوپای تیرۆریستیی قودسیان دەمرێ و سوپای پاسداران دەڵێ بە ڕاوەستانی دڵ مردووە، وتەبێژەکەیان دەڵێ بە نەخۆشیی شیمیایی مردووە، کەسی دیکەیان دەڵێ بە دڵنیاییەوە شەهید بووە! تەنانەت نازانن فەرماندە گەورەکانی تیرۆریستەکانیان چۆن مردووە!؟

لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناشدا، وەلیی فەقیە بەوپەڕی بێشەرمییەوە دەڵێ ڤاکسەنی کۆرونای بیانی ناکڕن و چەند مانگ دواتر سەرکۆماری ڕێژیم دەڵێ لە دوو حەوتوودا دەبێ بە میلیۆنان ڤاکسەن لێ بدەین و بەشی چەندین ساڵ ڤاکسەن بکڕین لە دەرەوە! ئیتر چیرۆکی دەزگای موستەعانی سوپای پاسدارنیش کە دەیانوت بە فرێکانس و فلان ڤیرووسەکە مەودایەك دووردا دەدۆزێتەوە، لەولاوە ڕاوەستێ کە گەورەترین فڕوفیشالی مێژووی زانست بوو!

هەموو ئەم ڕووداوانە پێمان دەڵێن کە کار لەوە تێپەڕیوە ناوێك و پێناسەیەکی ستاندارد، تەنانەت وشەی دیکتاتۆری و پاوانخوازیش بۆ ئەم ڕێژیمە بەکار ببرێ و تەنیا وتەنیا پێناسەی «کەلاوە» دەرخەری نێوەڕۆك و هەروەها سیمای ڕاستەقینەی ڕێژیمی حاکم لە تارانە.

## سپاسنامەی بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر ڕوو لە خەڵکی کوردستان

کوردستانییانی خۆشەویست!

خەڵکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، کەسایەتییە ئایینی، فەرهەنگی و سیاسییەکان، نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەروەستی گەلەکەمان!

ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوخۆی وڵات! پێشمەرگەکانی شاخ و شار، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات!

دۆستان، ئاشنایان و خزمانی ئازیز!

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە کۆچی ناوادەی شەهید لوقمان مێهفەر ئێمەی هاوشانی ئێوە، تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان داخدار کرد. کۆستی ئەم لەدەستدانە قورساییەکی زۆری خستە سەر شانی ئێمە، لەدەستدانی ڕۆڵەیەکی بەوەفای ڕێبازی شەهیدان و ڕێبوارێکی ماندوویی‌نەناسی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، خەسارێکی گەورە بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و حیزبەکەمان بەتایبەتی بوو.

شەهید لوقمان مێهفەر خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو کە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ خەباتی بێوچان و پڕ هەوراز و نشێودا ڕۆڵێکی کارای لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیدا گێڕا. خەباتکارێکی سەرسەختی ڕێبازی کوردایەتی و دێموکرات بوو کە سادقانە و ڕاستگۆیانە، دڵسۆزانە و لەخۆبوردووانە، بە وریایی سەربازی و هۆشیاریی سیاسییەوە توانی ئاڵای شۆڕشی ڕۆژهەڵات شەکاوە ڕابگرێت و کاروانی ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات ئاوەدانتر بکاتەوە.

شەهید لوقمان لە پانزدە ساڵیدا و لە ڕێگەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد و تا دوا وێستگەی خەباتی کە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو زۆر بەرپرسایەتی و ئەرکی جیاوازی بەلێوەشاوەییەوە بەڕێوە برد.

لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەدا وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان، شێلگیر لە باوەڕ و ماندوویی‌نەناسەنە لە کار و تێکۆشاندا بەوپەڕی تواناوە لە خزمەتی حیزبەکەیدا بوو.

ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر، کە پێمان وابوو ئاوا بە ئاسانی لەژێر باری ئەو کۆستەدا ڕاست نابینەوە، شەپۆلی بەرینی هاوخەمی و هاوسۆزیی ئێوە، خەمباری و دڵنەوایی ئێوە، لافاوی ئەسرین و زەریای وشە و وتە پڕ لە هەست و سۆزەکانتان، باری قورسی خەمی لەسەر شان ڕامالین و سوکناییتان بە دڵ و دەروونمان بەخشی.

ئەو هاوخەمی و خەمبارییەی ئێوە نیشانی دا کە شەهید لوقمان موڵکی نەتەوەکەیەتی و ئەوە خەڵکی کوردستانە کە خاوەنداریەتیی لێ دەکات.

هەر بۆیە ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید لوقمان وێڕای سپاسێکی گەرم بۆ ئەو هەموو هاوخەمییە هەست بە شانازی دەکەین کە ئێوەمان لەنێو خۆماندا دیت و هاوخەمیتان لەگەڵ دەربڕین.

هاوکات ئەو هاوخەمییە بەرپرسایەتیی ئێمەی لە بەرامبەر دۆزی نەتەوەکەمان و خەباتی حیزبەکەمان دوو ئەوەندە قورستر کردووە، هەر بۆیەش پەیمان نوێ دەکەینەوە کە درێژدەری ڕێبازی شەهید لوقمان و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد بین.

جارێکی دیکە سپاسی بێ پایانی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو هاوخەمییانە دەکەین کە بە شێوەی جیاواز لە نێوخۆی وڵاتەوە لە ڕۆژهەڵاتی تینووی ئازادی، لە باشووری کوردستان و لە تاراوگەوە بە دەستمان گەیشتوون.

**ڕۆحی شەهید لوقمان و هەموو شەهیدانی کوردستان شاد**
**ڕێگەیان پڕڕێبوار بێت**
**بە سپاسەوە**
**بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر**
**٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٥ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٥٥مین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی چەپی کوردستان ـ سووریە

بەڕێز: کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی چەپی کوردستان ـ سووریە
وێڕای سڵاوێکی برایانە
پەیامەکەتان لە پێوەندی لەگەڵ یادی ٥٥مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان پێمان گەیشت، بەو بۆنە مێژووییەوە بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی، ئەندامان و جەماوەری حیزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هیوادارین لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلەکەماندا سەرکەوتوو بن.

بەڕێزان! پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبە خەباتگێڕەکەتان و ڕێبەرە تێکۆشەرەکەتان مێژوویەکی دێرینی هەیە و ئێمە بە بایەخەوە دەڕوانینە ئەم پێوەندی و هاوکارییە نەتەوەییە و خەباتی ئێوە لە ڕۆژئاوای کوردستان شانبەشانی حیزبە سیاسییەکانی دیکەی کورد و هیوادارین بتوانن بە یەکیەتی و یەکگرتوویی و خەباتی بێ وچانتان، مافەکانی گەلەکەمان دابین بکەن.

هەڤاڵانی بەڕێز: سیاسەتی نێونەتەوەیی و ململانێی زلهێزەکان لە سووریە و دەستکەوتەکانی کورد لە شەڕی دژی تێرۆریزم (داعش) و بەرخۆدانی شەڕڤانانی کوڕ و کچی ڕۆژئاوای کوردستان هەلێکی مێژوویی و زێڕینی بۆ پێک هێناون وبە کردەوە ئێستا گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان بووەتە ڕاستییەک کە کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا و ئێمەش بە گەشبینییەوە چاو لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەین. هیوادارین حیزبە تێکۆشەرەکەتان بەو خوێندنەوە سیاسییەوە بەرنامە و ئەرکەکانی دیاری بکا و ڕۆڵی مێژوویی خۆی لەم هەلومەرجە هەستیارەدا بگێڕێ. لە کۆتاییدا جەرێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**پیرۆزبێ ٥٥مین سالڤەگەڕی حیزبە تێکۆشەرەکەتان.**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەد نەزیف قادری**

## ڕاگەیەندراوی بەڕێوەبەریی تێلێڤیزیۆنی تیشک

بینەران و ئۆگرانی تێلێڤیزیۆنی تیشک وەک هەموو ئاگادارن دەزگای حکوومەتیی کۆماری ئیسلامی دژی هەرجۆرە دەنگێکی ئازادە و لە هەر ئیمکانێک بۆ داخستنی کاناڵ و دەنگە ئازاد و ئازدیخوازەکان هەوڵ دەدا.
لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بە شێوازی جۆربەجۆر، حکوومەتی تاران هەوڵی کۆسپ دروستکردن بۆ سەر ڕێگای بەڕێوەچوونی کار و بەرنامەکانی تێلێڤیزیۆنی تیشکی داوە و لە هەڕەشەکردن لە بنەماڵەی ئەو کەسانەوە کە لە تیشک کاریان کردووە، تاکوو پارازیت خستنە سەر فرێکانسی تێلێڤیزیۆنەکە و هەروەها هەوڵدان بۆ هێرشی سایبێری بۆ سەر کاناڵ و لاپەڕەکانی تێلێڤیزیۆنی تیشک لە دونیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو پەلەقاژەیەکی بۆ گوشارهێنان بۆ ئەم دەنگە بەرز و ئازادە داوە. بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی زۆری سپای سایبێریی کۆماری ئیسلامی بۆ گوشارهێنان بۆ سەر کاناڵەکان و لاپەڕەکانی تێلێڤیزیۆنی تیشک چەند جار بووەتە هۆی داخستنی کاناڵەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئینستاگرام و یووتیووب و لە ئاخرین پەلەقاژەیاندا ڕیپۆرتێکی زۆریان لەسەر لاپەڕەی تیشک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک هەبوو. ئەو لاپەڕەی تێلێڤیزیۆنی تیشک لە فەیسبوک چەندین ساڵ بوو بەردەوام بوو و بە دەیان هەزار کەس لە ڕێگەی ئەو پەیجەوە بەرنامەکانی تێلێڤیزیۆنی خۆیان واتە تیشکیان چاو لێ دەکرد کە بەهۆی ڕاپۆرتی زۆری سپای سایبێریی کۆماری ئیسلامی، کۆمپانیای فەیسبووک بەداخەوە لاپەڕەکەی بۆ هەمیشە داخستووە.
وێڕای داوای لێبووردن لە بینەرانی تێلێڤیزیۆنی تیشک کە ئەو لاپەڕەیەمان لەدەست داوە و لەو کاناڵەوە ناتوانن چاو لە بەرنامەکانی تیشک بکەن، داوای هاوکاری لە هەموو تێکۆشەرانی کورد دەکەین کە لە شەڕی ئەمڕۆی سایبێری شارەزاییان هەیە، وەکوو پێشمەرگەی دونیای سایبێری یارمەتیدەرمان بن تاکوو بەرپەرچی سپای سایبێریی کۆماری ئیسلامی بدرێتەوە.

**بەڕێوەبەریی تێلێڤیزیۆنی تیشک**
**٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کوردی**
**١٢ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی**

## دەورەی ٢٤٨ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات



پۆلێکی دیکە لە لاوانی بەهەست و شۆڕشگێڕی کوردستان بە پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگانە و هەڵگرتنی چەکی بەرگری لە ماف و کەرامەتی نەتەوەکەیان، پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.
ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، دەورەی ٢٤٨ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی بەشێک کادر، پێشمەرگە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامی بەڕێوە چوو.
سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر بەشداربووانی دەورە بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لە ماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو.
پاشان مامۆستا «حەمدی حوسێنی» کادری دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن «بداغ بداغی» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا.
دواتر پەیامی دەورەی ٢٤٨ی سەرەتایی لەلایەن «توانا عوسمانی» بەشداربوویی دەورەوە پێشکەش کرا.
وەک نەریتی کۆتایی هەموو دەورەیەک نەفەراتی یەکەم تا سێهەم لە بواری تاقیکاریی سیاسی، نیزامی و پاراستنی نەزم و دیسیپلینەوە خەڵات کران و ئەو خەڵاتانە لەلایەن «عەلی ئەشرەف مەجیدی و بداغ بداغی» یەوە پێشکەشیان کرا.
هەروەها لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربووانی دەرورە سروودێکیان لە ژێر ناوی «کوردستان» پێشکەش کرد.
ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییەک کە لەلایەن بەشداربوویەکی دەورەوە بەناوی «فاروق» پێشکەش کرا، کۆتایی پێهات.

## یزاکا» بەبۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان پەیامێکی بڵاو کردەوە

باوەڕدارانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کوردستانییانی خۆشەویست و ڕۆژووانانی هێژا!
بەبۆنەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوادارین ئەو مانگە و ڕۆژووەکانتان ببێتە قەڵغانی ڕزگاری هەم لەم جیهانە و هەم لە جیهانی دواییدا.
خۆشەویستان ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فەرز کراوە لەسەرتان هەروەک فەرز بووە لەسەر گەلانی پێش ئێوە، بۆیە پێویستە ئەم ڕوکنە گرینگەی ئیسلام بایەخی پێ بدرێت و جگە لەو کاتانەی کە پەروەردگاری مەزن ئیزنی پێداون بۆ ئیفتارکردنی ڕۆژووەکانتان، وەک کاتی نەخۆشی و سەفەرکردن، هیچ بیانوویەکی تر نییە بۆ مرۆڤی موسڵمان و باڵغ و عاقڵ کە ڕۆژوو نەگرێت و چاوپۆشی بکات لە ڕەمەزان.
ڕۆژووی ڕەمەزان لە مانگی ڕەمەزاندا بە تەواوبوونی مانگی شەعبان و بینینی مانگی شەوال کۆتایی دێت و چەند ڕۆژێکی دیاری کراوە یا ئەوەتا ٣٠ ڕۆژە یانیش ٢٩ ڕۆژە.
بە هەر ئەگەرێک موسڵمان ڕۆژوو بخوات و نەیگرێت واجبە هەم فیدیە بدات هەم دواجار قەزای بکاتەوە.
ئەو خوشکانەی دووگیانن یان منالی شیرەخۆرەیان هەیە دەتوانن ئیفتار بکەن و لە داهاتوودا بیانگرنەوە.
«یا ایهاالذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم لعلکم تتقون، ایاما معدودات فمن کان منکم مریضا او علی سفر فعدة من ایام اخر. ئازیزان فەلسەفەی ڕۆژوو گرتن تەنیا خۆ برسیکردن نییە بەڵکوو پێویستە هەم دڵ و زمان و گوێمان لە خراپە بپارێزین و هەوڵ بدەین هاوکاری هەژاران و لێقەوماوان بکەین، هەوڵ بدە چۆن سفرەی ماڵی خۆت جوان و ڕازاوە دەکەیت، بۆ ناسیاوان و هەژارانیش بەم شێوەیە بێت، بەخیل و حەسوود مەبە، بەخشش و چاکەکاری بکە، خۆت لە تووڕەبوون و ئەزیەتدانی بنەماڵە و هاوسێکانت بپارێزە، گەر کەسێک جنێوی پێ دای تۆ لە وەڵامدا بڵێ من بەڕۆژووم، سەردانی خزمان بکە و سیلەی ڕەحم نیشان بدە، لەگەڵ هەر کەسێک پەیوەندیت پچڕاندووە پەیوەندی گەرم و گوڕ بکەوە، چونکە بەم کارانەت خودای مەزن لە خۆت ڕازی دەکەیت و ڕۆژووەکەت قەبووڵە، ئەگینا دڵنیا بە، تەنیا برسییەتی و ماندوویت بۆ دەمێنێتەوە.

**خودای دلۆڤان یارمەتیمان بدات بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆز و مەزنە، جارێکی تر مانگی ڕەمەزان لە هەموو لایەکتان پیرۆز بێت.**
**یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران**

## بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە مەهاباد بێڕێزیان بە گڵکۆی شەهید سەروان «ئەحمەد جاویدفەر» کرد

بۆ جارێکی دیکە، کێلی گڵکۆی شەهید سەروان «ئەحمەد جاویدفەڕ» ناسراو بە «کاک هەژار» لەلایەن جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە گوندی «لاچین» سەر بە شاری مەهاباد شکێندرا.
دوابەدوای پەیمان نوێکردنەوەی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران لە هەوڵێکی قیزەوندا بۆ جارێکی دیکە کێلی گڵکۆی «کاک هەژار»یان لە نزیک گوندی لاچین، شکاندووە و بێڕێزیان بە گڵکۆی ناوبراو کردووە.
ئەم هەوڵەی جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم، ترس و داماوی خۆیان لە بەرامبەر پیرۆزییەکانی کورد و کوردستان دەردەخات.
شەهید سەروان «ئەحمەد جاویدفەر» خەڵکی شاری مەهاباد ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد بوو کە لە گرتنی پادگانی مەهاباد ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەری هەبوو.
کاک هەژار لە گۆڕەپانی خەباتدا، فەرماندەی هێزی پێشەوا و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، پاش چەندین جار برینداربوون لە شەڕێکی قارەمانانە لە ناوچەی بانە لە ڕێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٦٠ هەتاوی شەهید کرا.

## چالاکیی تەبلیغی

بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات لە تەنگیسەر چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا ئاڵای کوردستانیان هەڵ کردووە.
هەروەها لەو چالاکیەدا لە ڕووبەدووی گوندی تەنگیسەر بە شێوەیەکی گەورە ناوی پیرۆزی شەهیدیان بە ئاگر نووسیوە و سەردانی گۆڕی شەهیدانیان کردووە ئاڵای کوردستانیان لەسەر مەزارەکەیان داناوە.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شنۆ: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ بۆ کۆچی دوایی شەهید لوقمان مێهفەر چالاکییان بەڕێوە برد.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «بێمزورتێ»ی شنۆ بە بەڕێوەبردنی چالاکی، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەم دروشمانە: «شەهیدان نەمرانی مێژوون و باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە»، چالاکییان بەڕێوە برد.
هەروەها ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەشت، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی یاد و ناوی شەهید لوقمان مێهفەر، تێکوشەری دێرین و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت.
تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی نووسراوە لە شوێنە گرینگەکانی ناو شاری سەردەشت لەسەر درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی شەهید لوقمان جەختیان کردەوە.
هاوکات ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری گوێکتەپە لە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا پەرۆشبوونی خۆیان بۆ شەهید لوقمان مێهفەر دەربڕی و یاد و ناویان بەرز ڕاگرت.
هەروەها ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە شاری بانە لە یادی شەهید لوقمان مێهفەر، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و کڕۆنشبردن بۆ ئاڵا و جامانە، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.
شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممەش، پێشمەرگەکانی شار لە سەقز بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی یاد و ناوی شەهید «لوقمان مێهفەر» تێکۆشەری دێرین و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەرز ڕاگرت.
ئەندامانی شار لە سەقز بۆ ڕێزگرتن لە شەهید «لوقمان مێهفەر» بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهید لوقمان بە شێوەی ڕەنگی و نووسینی دروشم، یاد و ڕێبازی ئەو شەهیدەیان بەرز ڕاگرت.
هەڵکردنی ئاڵا و دانانی گوڵ لەسەر وێنەی شەهید لوقمان بەشێکی دیکەی ئەو چالاکییە بوو.
ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «حەماڵاوای سەروو، حەماڵاوای خواروو، قوتابخانەکانی حەماڵاوای خواروو، مزگەوتی ئەمین، کۆڵانەکانی مزگەوتی ئەمین، کۆڵانەکانی شەقامی عەباساوا، شەقامی ئوستاد شیرازی، نێو میکانیکییەکانی تەنیشت پۆمپی بێنزینی ئوستاد شیرازی، دەوروبەری شەقامی سیلۆ، گاراژی میکانیکییەکانی ساڵحاوا، گاراژی خورشیدی، شەقامی گاراژی خورشیدی، فەلەکەی خورشیدی، فەلەکەی ئاخری سیلۆ بۆ بۆکان، ساڵحاوا، مزگەوتی جامێعی ساڵحاوا، شەهرەکی ١١ی گوڵان، بەر گاراج، مەیدانی یادبوود، دیواری دەکەی هێزی ئینتزامی، دیواری پارک سەوار، دیواری مخابەرات و چەندین شوێنی دیکە».
پێشمەرگەکانی شار لە سەقز وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و ڕێبازی شەهید لوقمان پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە و ڕایانگەیاند، هەتا دوادڵۆپی خوێنیان و ئاخرین چرکەکانی ژیانیان واز لە خەباتی پڕ لە سەروەریی حیزبی دێموکرات و شەهیدان ناهێنین هەر وەک چۆن شەهید دوکتور قاسملوو فەرموویەتی، گەلێک ئازادیی بوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات، ئەوانیش یان لەم خەباتە پڕ فەرازە سەر دەکەون یان ئەو شانازییەیان بە نەسیب دەبێت کە لەنێو دڵی کاروانی شەهیدان بیاننێژن.
هەر لەم ڕاستایەدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارۆچکەی پەسوێ و لە شاری پیرانشار بەنیسبەت کۆچی دوایی کاک «لوقمان مێهفەر» و هاوخەمی لەگەڵ حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە تێرمیناڵی گوندەکان، جادەی سەردەشت، قوتابخانەی کوڕانەی شۆڕا، کۆڵانەکانی سەیدئاوا، کۆنەخانێ، ٢٤ میتری، مزگەوتی مام خەلیل، شەقامی مەنگووڕ و چەندین شوێنی دیکە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەر گۆڕی شەهید «ڕەسوڵ مەناف» و ناو شارۆچکەی پەسوێ چالاکییان بەڕێوە بردووە.
لەلایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەکانی شار لە سنە بە مەبەستی هاوخەمی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
پێشمەرگەکانی شار لە شاری سنەی سەربەرزەوە ڕایانگەیاندووە، بە مەبەستی ئەمەگناسی و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بە تایبەتی شەهیدی نوێی حیزبەکەمان شەهید لوقمان مێهفەر ڕایدەگەیەنین کە هەتا دوایین هەناسەی ژیانمان درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی شەهیدە سەربەرزەکانمان دەمێنین؛ هەروەها جەختیان کردووەتەوە: «هاوکات ئێمە لە سەنگەری شارەوە ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە لەلایەن حیزبە خۆشەویستەکەمان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێمان دەسپێردرێت».

# دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید لوقمان مێهفەر




**خوشک و برایانی خۆشەویست کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

میوانی بەڕێز و هێژا کە لەو بۆنەدا لەگەڵمان بەشدارن و خەمی لەدەستدانی تازەترین شۆڕشگێڕی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان لەگەڵ دابەش کردووین، سپاستان دەکەین.

هەرچەند بەپێی بیروباوەڕێکی گشتی کە لە نێو ئێمەی کورد لە هەموو بەشەکاندا و بەتایبەتی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە کە کوردستان وڵاتێکی دابەش کراوە و گەلی کورد لەسەر وڵاتەکەی خۆیدا دابەشیان کردووە، بەپێی ئەو بیروباوەڕە هەر شۆڕشگێڕێکی کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەو وڵاتەدا، لە هەر بستە خاکێکیدا ژیانی خۆی لە ڕێگای ڕزگاری نیشتمانەکەی و گەلەکەیدا لەدەست دەدات، ڕۆڵەی وەفادار بە وڵاتی خۆیەتی، بۆیە ئێمە هەموومان لە هەر بستێکی ئەو خاکە دابەشکراوەدا شۆڕشگێڕێکی کورد شەهید دەبێ و گیانی لەدەست دەدا، بە مڵکی هەموو میللەتی کوردی دەزانین و هەر بەو پێیەش دەجووڵێینەوە و بیر دەکەینەوە.

ئامادەبوونی ئێوە خۆشەویستانیش لەو بۆنەیەدا هەر بەو مانایەیە، لەخۆڕا نییە کە لە هەر گۆشەیەکی ئەو خاکەدا سەرکەوتنێک ئەگەر بچووکیش بێ، هەموومان دڵخۆش دەکا، بەڵام پاشەکشەیەک و ئێش و ئازارێک وەکوو ئەو ئێش و ئازارەی کە ئەوڕۆ ئێمە بەبۆنەی ئەوەوە لێرە کۆ بووینەتەوە هەمووومان داخدار دەکات.

کاک لوقمان تازەترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی، بەرەبەیانیی ئەمڕۆ گیانی لەدەست دا و بەجێی هێشتین؛ کاک لوقمانێک کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ لەگەڵ حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەربەرەکانێ و خۆڕاگریدا بوو؛ بەداخەوە نەخۆشیی کۆرۆنا ڕێگای نەدا کاک لوقمان کە ئەو ئەزموونەی کە لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا وەسەر یەکی نابوو و لە خزمەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو بمێنێتەوە و زیاتر لەوەش لە خزمەتی حیزب و جووڵانەوەکەیدا بێت، ئەوەش ڕووداوێکی تاڵ و نەخوازراوە کە ئێمە لە مێژووی زیاتر لە ٧٥ ساڵ خەباتمان لەگەڵ ڕێژیمەکانی تاران بە سەدان جار لەگەڵ ئەو ئەزموونە تاڵانە بەرەوڕوو بووینەتەوە. شەهیدبوون و لەدەستدانی ڕێبەرانی گەورەمان، ئەندامانی ڕێبەرایەتیمان، سەرکردەکانمان و هەزاران پێشمەرگەی بەدڵ و جورئەت کە لەڕێگای نیشتمانەکەیاندا گیانی خۆیان لەدەست داوە، ئەوانە هەموویان تەجروبە و ئەزموونێکن کە ئێمە لە حیزبەکەماندا هەمانە.

ئەو ڕووداوانە زۆر تاڵن بەڵام واقعییەتێکن کە ئێمە قبووڵمان کردووە، قبووڵمان کردووە بەو مانایەی کە وەکوو ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو دەفەرمێ: «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ تێچووەکەشی بدا»؛ تێچووی خەباتی ئێمە بۆ ڕزگاری لە ماوەی زیاتر لە ٧٥ ساڵاندا بە هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر بووە کە تازەترینەکەیان کاک لوقمانی مێهفەرە.

بێگومان لەسەر ئەو بیروباوەڕە کاک لوقمان یەکەمین شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی نەبووە و ئاخرینیشیان نابێ، چونکە خەبات لە کوردستان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی ڕێژیمێکی داگیرکەر و دژی ئازادی بەردەوامە، هەتا خەباتیش بەردەوام بێ، کاروانی شەهیدەکانمان دوور و درێژتر دەبێتەوە. ئێمە ئاگاهانە ئەو ڕێگایەمان هەڵبژاردووە و کاک لوقمانیش ئاگاهانە هەڵیبژارد، ئێمە هەمووومان وەکوو تێکۆشەرانی ئەو حیزبە و خەباتی نەتەوەکەمان ئاگاداری ئەوەین کە ڕەنگە ڕۆژێک لە مەیدانی خەباتدا گیانی خۆمان پێشکەش بە دایکی نیشتمان بکەین، ئەوە سەربەرزییەکە بۆ ئێمە چونکە ئەوە تێچووی ئەو ئازادییەیە کە لە داهاتوودا ئەگەر ئێمەش نەیبینین نەسڵەکانی داهاتووی ئێمە لێی بەهرەمەند دەبن و ئەوان چیدیکە بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەیان شەهید نادەن، بۆیە شەهید لە فەرهەنگ و کلتووری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەهای زۆر بەرزی هەیە، هەر ئەوە نییە کە لە حیزبەکەیدا خەبات دەکات، بەڵکوو بەرزیی شەهید لە حیزبی دێموکراتدا ئامانجە بەرزەکەیەتی کە ڕزگاریی نەتەوەکەیەتی، بۆیە هەر کەسێک لەڕێگای نەتەوەکەیدا شەهید بێ، لەڕاستیدا سەربەرزییەکی گەورەیە بەنەسیبی دەبێ چونکە خۆی فیدای گەلەکەی و نیشتمانەکەی کردووە.

کاک لوقمانیش کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کادرێکی ڕێبەرایەتی کە لە هەرەتی لاویدا پەیوەست بوو بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات لەو حیزبەدا، هەمووی تاقی کردنەوە؛ لە پێشمەرگایەتی و لە بەڕێوەبەری و ئەندامەتیی ڕێبەرایەتی تەجروبەیەکی زۆری وەسەر یەک نا.

بێگومان ئەگەر ئەو نەخۆشییە مەجالی دابا، کاک لوقمان ئامادە بوو زۆر لەوەی زیاتریش کە کردوویەتی بۆ حیزبەکەی و بۆ گەلەکەی ئەنجام بدات؛ بۆیە لەدەستدانی کاک لوقمان بۆ ئێمە هەمووومان وەکوو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و کەسوکاری کاک لوقمان خەسارێکی گەورەیە، ڕەفیقێک، هاوسەنگەرێک و هاوبیرێکی وەفادار و دڵسۆزی خۆمان لەدەست داوە و بۆ کوردستان خەسارێکی گەورە بوو چون خەباتکارێکی خۆی لەدەست داوە، بەڵام بەخۆشییەوە ئەوە دەتوانم بڵێم کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرن ئەو گەنجە بەئەمەگ و ئاگاهانەی کە لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا و لە حیزبەکانی دیکەدا کار و تێکۆشان دەکەن و چالاکی دەکەن بۆ ئەوەیکە شوێنی کاک لوقمانەکان لە حیزبەکەیاندا بەتاڵ نەمێنێتەوە، هەروەکوو دیتمان بە لەدەستدانی گەورە ڕێبەرانی حیزبەکەمان ئەو ڕێبازە هەر بەردەوام بوو و لاوەکانی وڵاتەکەمان بە کچ و کوڕەوە هاتن و بوون بە ڕێڕەوانی ئەو ڕێگایە کە شەهیدەکانمان پێیدا چووبوون و گیانی خۆیان لەسەر دانابوو. ئێمە ئێستا لەو ڕۆژەدا، لەسەر ئارامگەی بەشێک لە شەهیدانی خەباتی ڕۆژهەڵات کۆ بووینەتەوە کە ئێمەش بەوان بڵێین، جارێکی دیکە لەگەڵیان پەیمان نوێ دەکەینەوە، کە هەر وەکوو ئەوان لەڕێگای ئازادی وڵاتەکەیاندا گیانی خۆیان لەدەست دا، ئێمەش ئەو ڕێگایەی کە ئەوان و هەزاران شەهیدی دیکە ڕێبواری بوون و ئامانجەکەیان، ئاخر مەنزڵگەکەیان، لە ئامانجیاندا ڕزگاریی وڵات بوو ئێمەش هەر بەو ڕێگایە وەفادارین و هەر لەو ڕێگایەوە هەنگاو دەنێین تا ئەو کاتەی کە نەتەوەکەمان و وڵاتەکەمان ڕزگار دەبێ.

کاک لوقمان لەگەڵ ئەوەیکە شۆڕشگێڕێکی خاکی، بێ ئیدیعا، بەڵام بەوزە و پڕکار بوو و هەموو توانای خۆی لەڕێگای حیزبەکەیدا، دانا؛ بەڵام بەخۆشییەوە بنەماڵەیەکیشی پەروەردە کرد کە لەژێر ڕێنوێنیی خۆی و پەروەردەی حیزبی دێموکراتدا ئەوانیش کەسایەتیی بەڕێز و تێکۆشەرن و بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم دوای کاک لوقمانیش، ڕێگا و ڕێبازی ئەو بەدڵەوە درێژە دەدەن. بەتایبەتی پێمخۆشە لێرەدا ئیشارە بکەم بە هاوسەری خۆشەویست و سەربەرزی وی کە بۆخۆی لە بنەماڵەی شەهیدانە، تا ئێستا بێجگە لە کاک لوقمان، چەند کەس لە خۆشەویستانی دیکەی لەو ڕێگایەدا شەهید بوون و ئەو کۆسپ و ئەو ئەزموونە تاڵەی پێشتریش تاقی کردووەتەوە، خانمێکی بەڕێز و بەجەرگ کە پێمواپێ لەوە بەدوا بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی زیاتر کارێکی وادەکا کە بە کردەوە و بە گوفتار جێگای بەتاڵی کاک لوقمان بە بنەماڵەکەیەوە کەمتر دیار بێ.

خۆشەویستان لەڕاستیدا شتێکی کە بە بێ دڵخوازی خۆمان گرتوومانەتە بەر خەباتێکە لەگەڵ ڕێژیمێکی دژیگەلی، ئێمە ئارەزوومان دەکرد کە ئەو حکوومەتانەی کە بەسەر ئێران و بەسەر کوردستاندا زاڵن، حکوومەتگەلێک بن کە نەختێک لەو سەردەمەدا، لە مرۆڤایەتی، لە دێـــموکراسی، لە مافی مرۆڤ حاڵی بن؛ ئەوەدەم ئێمەش ڕەنگە خەباتەکەمان شکڵێکی دیکە بەخۆیەوە بگرێ، شەهیدمان کەمتر بێ، بەڵام بەداخەوە لە گۆشەیەکی دنیادا جێمان گرتووە، کە حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، کەمترین نیشانەیەک لە مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان بەتایبەت مافی کورد بە حەق و ڕەوا نابینن، بۆیە ئێمە بێجگە لە خەبات و بەربەرەکانێ چی دیکەمان بۆ دەمێنێتەوە؟

یا دەبێ سەردانەوێنین لە بەرامبەر ئەو زۆردارانەدا یا دەبێ خەبات بکەین؛ مێژووەکەمان نیشانی داوە بژاردەکانی کۆمەڵگاکەمان، کوڕ و کچە شۆڕشگێڕ و نیشمانپەروەرەکان، ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردووە، لەباتیی ئەوەیکە سەردانەوێنن بۆ حکوومەتێکی دواکەوتووی دیکتاتۆری، خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان و نەتەوەکەیان، ئەوە ڕێگایەکە کە ڕێگایەکی دروستە، ڕێگایەکی بە حەقە، بۆیە ڕۆژبەڕۆژ ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە زۆرتر و ئاگاتر و بەهێز و تینتر دەبن، هەر ئێستا کە ئێمە لێرە لە تەنیشت تازەترین شەهیدمان و بۆ حورمەت و ڕێزلێنان لە شەهیدەکانمان ڕاوەستاوین، لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بە دەیان هەزار و سەدان هەزار کەس لە لاوەکان، ئامادەن بۆ خەبات و درێژەدانی ڕێگای شەهیدەکانیان، ئێمە سەربەرزین بەو خەڵکەوە، مانمان بەوانەوەیە، خۆشحاڵین کە لە ڕێگایەکدا هەنگاومان ناوە کە خەڵکەکەمان دەیهەوێ و خەڵکەکەمان ئەو ڕێگایە بە ڕێگای ڕاست و ئینسانی دەزانێ.

ئێستاش کە لێرە کۆ بووینەتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لەدەستدانی هاوڕێیەک و هاوسەنگەرێکی لەمێژینەمان بۆ ئێمە جێگای داخە، بەڵام بۆ ماتەمباری و بۆ ئازیەتباری کۆ نەبووینەتەوە، چونکە وەک عەرزم کردن ئەوە ڕێگایەکە کە ئێمە هەمووومان و شەهیدەکانمان بە ئاگاهییەوە هەڵمانبژاردووە، بەڵکوو زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە وەفاداریی خۆمان بە ڕێبازی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە نیشان بدەینەوە و جارێکی دیکە پێیان بڵێین کە ئێمەش هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەین کە ئەوان پێیدا ڕۆیشتوون و بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوژمنی ڕاستەقینەی گەلی کورد بڵێین کە هەرچەند لێمان بکوژن، ئێعدام بکەن، خەڵکەکەمان بێبەش بکەن، لە زیندانەکانیاندا شکەنجە و عەزابیان بدەن، هەر بەو ئەندازەیەش هەستی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازیی خەڵکەکەمان گەشە دەکات و باوەڕیشمان بەوەیە هەروەخت نەتەوەیەک و گەلێک، مافەکانی خۆی ناسی و حازر بوو لەڕێگای بەدەستهێنانی مافەکانیدا فیداکاری بکا، گیانی خۆی قوربانی بکا ئەوە سەردەکەوێ، ئێمە سەردەکەوین!

ئەگەر لەوەش زیاتر لەژێر سەرکوت و عەزابی ڕێژیمە داگیرکەرەکاندا بین. مان و سەرکەوتن بۆ ئێمەیە، بۆ گەلەکەمانە، گەلێکی ئازادیخواز و مافویست، کە داوای سەرەتاییترین مافەکانی خۆی لەو سەردەمەدا دەکات و خەباتی بۆ دەکات؛ سەردەمی حکوومەتە دیکتاتۆر و ملهۆڕەکان بەسەرچووە و خەڵک نفرینیان دەکات، خەڵک ئەوانی ناوێ.

لە کۆتایی قسەکانمدا جارێکی دیکە دەمهەوێ سەرەخۆشی خۆمان لەو بۆنەیەدا بە ئیجازەی هەمووتان لە بنەماڵەی کاک لوقمانی بەڕێز، لە کەسوکاری، لە دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بکەم و لە هەموو ئەو میوانە خۆشەویستانەی کە ماوەی چەند ڕۆژێکە زەحمەتی زۆریان کێشاوە و ئێستاش لەو بۆنە ماتەمینەدا لەگەڵمان شەریک و بەشدارن.

سپاستان دەکەم جارێکی دیکە بۆ بەشداریی هەموو لایەک و سەرەخۆشی دەکەم لە هەموو لایەک و لە کورد بە گشتی بۆ لەدەستدانی ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕ و قارەمانی خۆی. زۆر سپاستان دەکەم.

بەهیوای ئەوەی کە هەمووتان سڵامەت بن، لە بەڵای کۆرۆنا و هەموو بەڵا و موسیبەتەکانی دیکە بەدوور بن و هەمووومان تەمەنێکی درێژی پڕ لە سڵامەتیمان بێ بۆ ئەوەی کە زیاتر بتوانین لەڕێگای ئەو شەهیدانەماندا هەنگاو هەڵێنین و بتوانین وڵاتەکەمان و گەلەکەمان ڕزگار بکەین، زۆر سپاس و ماندوونەبوونی لە هەموو لایەک.

# پەیامی بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ناوبراو



**سڵاو لە بەڕێوەبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**میوانانی بەڕێز**
**خزمان و دۆستان و ناسیارانی شەهید لوقمان مێهفەر**

ڕەنگە ئاسان نەبێت لە ڕۆژێکی ئاوادا، بتوانین لەسەر کەسایەتیی کاک لوقمان قسە بکەین، کۆستێکی زۆر بەژانە، باری خەممان بەقەد قەندیل و هەڵگورد قورسە، کۆستێک کە ڕەنگە وا بە ئاسانی نەتوانین شانی وەبەر بنێین و لە ژێریدا ڕاست بینەوە، بەڵام بەر لەوەی بنەماڵەی ئێمە ئەم کۆستەی بەرکەوێ ئێمە سەرەخۆشیی خۆمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی لەو ڕێگا و ڕێبازەدا بەخت کرد و لە پێناویدا تێکۆشی، ئەو ڕێگا و ڕێبازە بەر لە هاتنە دنیای ئێمە، بەر لە پێکهێنانی ژیانی شەخسی خۆی بە ئاگاهییەوە، بە هەستێکی نیشتمانپەروەرییەوە، لە بنەماڵەی خۆیەوە بۆی مابوویەوە و بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبردوویییەوە، هاوشانی پێگەیاندنی منداڵەکانی و درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە ڕێبازی حیزبەکەیدا بەردەوام بوو تا ئەوڕۆ. هەم هەوڵی دا لە تەواوی ئەرک و بەرپرسیاریەتییە حیزبییەکانیدا کە بۆی دیاری دەکرا کە وە ئەستۆی دەگرت، هەموو هەوڵ و توانای خۆی بدات بۆ بەجێگەیاندنیان و لە بەرانبەردا لە پەروەردە و پێگەیاندنی ئێمە لە سەرپەرشتیی بنەماڵە، تەنانەت لە چاودێری و سەرپەرشتیی دۆستان و تەنانەت خزمان و هاوڕێیانیشیدا درێخی نەکات.

ڕەنگە من و خوشکەکانم، دایکم بەتایبەتی، زۆر جاری تر وەک هەر بنەماڵە پێشمەرگەیەکیتر ئەو ژانەی ئەوڕۆ هەمانە پێشتریش تەجروبەمان کردووە، وەک وتم باوکم بەردەوام لە مەیدانی خەباتدا بووە، ڕۆژانە و هەر چرکەساتێک چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبووە کە باوکمان لەو ڕێگا و ڕێبازەدا گیانی بەخت بکا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بێت؛ لە چەندین داستان و قارەمانیەتی، لە چەندین نەبەردیدا بە سڵامەتی و بە سەرکەوتنەوە بەرانبەر بە دوژمنەکەی ئاڵای حیزب و ڕێبازەکەی شەکاوە ڕاگرت؛ لە زۆر تەنگ و چەڵەمە، لە زۆر سەختی، لە زۆر کۆسپی سەر ڕێگای خەبات بەوپەڕی ورەوە لە بەرانبەر هەموو سەختی و ناخۆشییەکاندا ڕاوەستا، هاوکات نەشیهێشت باری خەم لەسەر ڕووی ئێمە بنیشێ، نەشیهێشت ئێمە لە پەروەردە و پێگەیشتن و لەو ڕێباز و مەکتەبەی کە خۆی باوەڕی پێی هەبوو بۆ مەودایەکی کورتیش بێ لێی دوور بکەوینەوە، بەپێچەوانەوە ئێمەشی لەسەر ئەو ڕێبازە بار هێنا، ئێمەشی لەسەر ئەو ڕێبازە پەروەردە کرد، ڕێبازێک کە بەردەوام شانازیی پێوە دەکرد، ڕێبازێک کە بۆخۆی لەڕێگەی باوکییەوە، کە یەکێک لە تێکۆشەرانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەبێت و لەڕێگای بنەماڵەی خاڵانیەوە کە تێکەڵاو بە شۆڕشی باشووری کوردستان ببوون و لەڕێگای ئەو ئاگاهییەی خۆیەوە هەستی نیشتمانپەروەری و هەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەر هانی دا و توانی ٤٠ ساڵ ئەزموون، ئەزموونی سیاسی، ئەزموونی سەربازی، ئەزموونی تەشکیلاتی، وەسەر یەک بنێت و لە ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزی دێموکراتدا بتوانێ بە سەدان و بگرە بە هەزاران لاوی کورد پەروەردە بکات و ئامادەیان بکات بۆ ڕیزی خەبات و ئەوەشی تەنیا بە گوفتار نەبوو، لە مەیدانی کردەوەدا سەلماند. بەردەوام ئامادە بوو بۆ هەر کار و بەرپرسیارەتییەکی حیزبی، کام لە هەموویان سەختتر بوو، کام لە هەموویان ڕەنگە مەترسیدارتریش بوو بۆ سەر ژیانی ئامادە بوو وەریگرێت.

لە وەرزی نوێی ڕاسانی حیزبدا کە هیوا و ئومێدێکی زۆری پێ هەبوو کە دەبێ خەبات ببووژێتەوە، کە دەبێ جارێکی دیکە ڕاسانەوە، ڕسکانەوە، لێکگرێدراویی خەباتی شاخ و شار، خرۆشانی جەماوەر، هەمووی ئەمانە دەبێ شەپۆل بدا، دەبێ ڕۆژهەڵات بخرۆشێت، لە کردەوەدا هەنگاوی بۆ هەڵگرت. یەکێک لەو کادرانە بوو کە ئامادە بوو لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاڵای پیرۆزی ڕێبازی دێموکرات و کوردستان شەکاوە ڕابگرێت و چۆک بە دوژمنانی کوردستان دابدات. لە پێدەشتەکانی ناوچەی موکریان، لە پیرانشار و شنۆ لە زۆر ناوچەی تر، بەردەوام ئامادەی خەبات و قوربانیدان بووە، زۆر دلێری و نەبەردی دیت، زۆر لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانیشی بەداخەوە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون کە هیچ کاتێک نە ئەژنۆی شل بوو نە خەفەت و نە ماتەم دایگرت، تەنها و تەنها بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ ئاوات و ئامانجیان تا گەیشتن بەو هەدەفەی کە دیارییان کردووە، بەو ڕێبازەی کە ئەوان لەپێناویدا شەهید بوون ئەویش وەفادار بمێنێتەوە و ئەویش بە ئەمانەتەوە لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری ئەو شەهیدانە، ئەو پێشمەرگانە، ئەو هاوسەنگەرانەی جارێکی دیکە لە زێدی داگیرکراودا دەست لە ملانی یەک ببنەوە، زۆر وەفادار بوو بە ڕێبەرانی شەهیدمان، خۆی بە قوتابیی ئەوان دەزانی و بەڵێنی پێ دابوون کە تا دواهەناسە ئەو بەڵێنە بگەیەنێتە جێ، هەرواشی کرد وەفادار بوو بە بەڵێنی خۆی.

ئێمە وەک بنەماڵەی لوقمان مێهفەر، وەک باسم کرد لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین کە تێکۆشەرێکی ماندوویی‌نەناس، کاریگەر و چالاکی لەدەست داوە و دڵنیام ئەو پەروەردەیەی کە باوکم بە ئێمەی داوە، خۆم و خوشکەکانم بە پشتیوانیی دایکمان کە قاڵبووی نێو خەباتی حیزبی دێموکرات، قاڵبووی خەباتی کوردایەتی و تەنانەت خاراوی کۆستەکانیشە، دەتوانین بە ئەمانەتەوە ئێمەش درێژەدەری ڕێبازی باوکمان بین؛ ڕێبازی لوقمان مێهفەر ڕێبازی ئێمەشە، ڕێگاکەی درێژە دەدەین، لەو ڕێگا و ڕێبازەدا، هەر وەک ڕێبەرانمان دەڵێن یا ئێمەش شانازی ئەوەمان بە نەسیب دەبێ لە پەنای باوکمان لە خاکی پیرۆزی نیشتماندا ئارام بگرین یا ئەوەی ئاڵای سەرکەوتن و پیرۆزیمان بەسەر دوژمنی داگیرکەردا دەشەکێتەوە، یا ئەوەی لەگەڵ کەسوکارمان لە ڕۆژهەڵات لە کوردستانی ئازادکراودا جێژن دەگرین، جێژنی سەربەخۆیی.

ئەمرۆش بە ئەمانەتەوە باوکمان لەگەڵ تێکۆشەرانی دێرینی، لەگەڵ هاوسەنگەرانی، لەگەڵ ئەو هەموو شەهیدەی لێرە لەپێناوی کوردایەتی و کوردستاندا گیانیان بەخشی بە خاک دەسپێرین، بەو هیوایەی کە لە داهاتووی کوردستانێکی ئازاددا بارتەقای ئەو زەحمەت و تێکۆشانانە، ئەو قوربانیدانانەی کە خۆی و هاوسەنگەرانی، خۆی و هاوڕێ شەهیدەکانی لەپێناوی کوردستاندا کردیان بتوانین ئەوکات بەبایەخەوە مێژوو و ڕابردوویان بەرز بنرخێنین و ڕێز لە تێکۆشانیان بگرین، لێرەدا بە پێویستی دەزانم لەو ماوەیەدا کە بەداخەوە باوکم نەخۆش کەوت و دوایەش کە کۆچی دوایی کرد سپاسی یەک بە یەکی بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دۆستان و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی، خزمەکانمان بەتایبەت خزمانمان لە عەشیرەتی هەرکی بکەم، هەموو ئەو دۆست و ئاشنایانەمان، هەموو ناسیاوانی باوکم و بنەماڵەمان زەحمەتێکی زۆریان کێشا ئەو ماوەیە لەگەڵ ئێمە، زۆر پێمانەوە ماندوو بوون، زۆر پێمانەوە خەمیان خوارد، شەپۆلێکی بەرینی هاوخەمی لەناوخۆی کوردستانەوە لەگەڵ ئێمە بوو، لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوو و بەتایبەتیش لە تاراوگەوە تەنانەت تێکۆشەرانی دێموکرات دڵ پڕ لە خەم، چاو بە ئەسرین چاوەڕوانی هەواڵی دڵخۆشکەر بوون، بەداخەوە هەواڵی ناخۆشیان بیست و نەمانتوانی وڵامی لوتف و موحەبەتیان بە خەبەرێکی خۆش بدەینەوە، بۆیە لێرەوە وەکوو بنەماڵەی لوقمان مێهفەر سپاسی هەمووتان دەکەین چ ئەوانەی لەو ماوەیەدا بە ئێمەوە ماندوو بوون، چ ئەوانەی ئەوڕۆ حوزووریان هەیە لێرە بەشداری ئەو مەراسیمەی بوون.

لەگەڵ ئەوەی شەرایتێکی زۆر تایبەتی هەیە و زۆر مەترسیدارە و هەموو ئێوە ژیانی خۆتان خستووەتە مەترسییەوە و هاتوونە لەو مەراسیمەدا بەشداریتان کردووە، بۆ ئێمە سەربڵیندییە و ئەوەش نیشانەیە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی کە لوقمان مێهفەر هەیبووە و ئەو تایبەتمەندییانەی کە توانیویە ئەو کەسایەتییەی لێ دروست بکات کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەسایەتییەکی تەشکیلاتی، ڕێکخستنی و تەنانەت کەسایەتییەکی ئاکادیمی.

لوقمان مێهفەر زۆر تایبەتمەندیی دیکەی هەبوو؛ بەڕێزان کاک مستەفا و کاک حەسەنی شەرەفی زۆر بە باشی ئاماژەیان بە زۆرێک لە تایبەتمەندییەکان کرد، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کە پێمخۆشە لێرە بۆخۆم باسی بکەم خۆدرستەیی کاک لوقمان بوو، خۆپەروەردەیی ئەم تێکۆشەرە بوو، لەناو خەباتدا خۆی پێگەیاند، حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەکتەب بوو، لە قوتابخانەی دێموکرات پێگەیشت هەر بۆیە ئێستاش کۆڕی پرسەکەی بەم شێوەیە قەرەباڵغە.

جارێکی دیکە بە ناوی بنەماڵەکەمانەوە سپاسی هەموو لایەنە سیاسییەکان، میوانانی بەڕێز، خزمانمان لە هەر شوێنێک کە هاتوون لە دوور و نێزیکەوە، دەست و چاوی هەمووتان ماچ دەکەین، ڕێز و سپاسمان بۆ هەمووتان، بۆ زەحمەتەکانتان، بۆ ماندووبوونتان، بۆ بەپەرۆش بوونتان. بۆ هەموو ئەو هەوڵانەی کە داتان. زۆر زۆر لێتان مەمنوونین.

وەک بنەماڵەش لەوە بەدوا دایکم سەرپەرشتی بنەماڵەمانە، لەژێر ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی ئەو درێژە بە ڕێباز و ڕێگای بابمان دەدەین و ئەو ڕێگایە چۆڵ ناکەین و تا ئەو کاتەی دەگەین بە ئامانجەکانمان، دەگەین بە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ؛ بە دڵنیاییەوە لەو ڕێبازەدا درێژە بە خەبات دەدەین، لەوە زیاتر نامهەوی کاتتان بگرم، زۆر زۆر سپاستان ئەکەم دووبارە، سپاسی ئامادەبوونتان دەکەم، هیوای ساغی و سڵامەتیم بۆ تەک تەکی ئێوە هەیە، هیوادارم لە هەموو ناخۆشی و نارەحەتی و بەڵایەک بەدوور بن و هیوادارم خەباتی گەلی کورد بگات بە ئامانج تا لەوە زیاتر شاهیدی کۆچکردن و گیانلەدەستدانی ئازیزانمان لەو شەرایەتانەدا نەبین، تا لەوە زیاتر کۆستی گەورەتر نەیەتە سەرڕێی خەباتەکەمان، تا لەوە زیاتر بنەماڵەکانی حیزبی، خەڵکی ڕۆژهەڵات لە دوورەوە زیاتر ئاه و حەسرەت هەڵنەکێشن بۆ جگەرگۆشەکانیان، بۆ منداڵەکانیان کە دوور لە زێد و دوور لە ئازیزانیان سەر دەنێنەوە و ناتوانن لە پرسەکانیاندا بەشدار بن؛ جارێکی دیکە ڕێز و سپاس بۆ ئێوە، مەمنوون لە هاوخەمیتان، سپاس لە هاوسۆزیتان ڕێباز و کاروانی ڕێبوارانی دێموکرات سڵامەت بێت، ڕۆحی شەهید لوقمان شاد و ئێمەش تا دواهەناسەمان وەفادار دەبین بە ئامانج و ڕێبازەکانی.

زۆر زۆر سپاس

# دەقی وتەکانی بەڕێز
# بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات
# لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی
# شەهید لوقمان مێهفەر




**خوشک و برایانی ئازیز**
**هاوڕێیانی خۆشەویست**

ئەوڕۆ بەیەکەوە لەو کۆڕە و لەو کۆبوونەوەیەدا جەستەی شەهیدێکی نوێ، تێکۆشەرێکی حیزبەکەمان لە باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستاندا جێگیر کرد. خاکێک کە شەهید لوقمانی هاوڕێمان نیزیک بە ٤٠ ساڵ تەمەنی خۆی لە ڕیزەکانی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بۆ پاراستنی ئەو خاکە تەرخان کرد و لەپێناو وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکرد.

شەهید لوقمانی مێهفەر هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستمان، تێکۆشەرێکی ناسراوی ڕەوتی خەباتەکەمان بوو، ئەو لە کۆنەوە ئۆگری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو، هەر لە تەمەنی لاوەتیشدا تێکەڵ بە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو و لەو ڕێگایەدا هیچ فیداکارییەک نەما کە نەیکات بۆیە لەدەستدانی شەهید لوقمان مێهفەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا، زامێکی قووڵی نوێیە لەسەر جەستەی حیزبەکەمان، خەسارێکی بەرچاوە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەوەی باس لە پەیوەندی لەگەڵ ژیان و ئەرک و خەباتی شەهید لوقمان بوو هاوڕێی بەڕێزمان لێپرساوی گشتی بەجوانی

و بە تەواوی ئاماژەی پێکرد؛ من لێرەدا دەڵێم چەند داخهێنەرە بۆ تێکۆشەرێک کە نیزیک بە ٤٠ ساڵ خەبات، لەگەڵ ئەنواعی مەترسی، لەگەڵ شێوەی جۆراوجۆری پیلان، بەرەوڕوو بوو گیانی سالم و سڵامەتی بەدەر کرد بەڵام جێی داخ ئەوەیە بە دوژمنێکی نادیار و نەناسراو، وەکوو ڤیرووسی کۆڕۆنا گیانی لەدەست بدا و لە باوەشی تێکۆشەرانی دێموکراتی بێنێتە دەر.

کاک لوقمان ئەگەر بوارە فکرییەکانی، بەستێنسازی جێگیربوون لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بوو، بەستێنسازێکی دیکەش لەنێو بنەماڵەکەیدا هەبوو، کە دەرەتانی بەکردەوەیی ئەو خەباتەیان بۆ کاک لوقمانی شەهیدمان دەڕەخساند ئەویش ئەندامانی بنەماڵەکەی بوون؛ با لەپێشدا ئاماژە بەوە بکەم کە خاتوو خەجیج هاوسەری شەهیدمان، لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا، باب شەهید بوو، برا شەهید بوو، مێرد شەهید بوو، زاوا شەهید بوو، ئا ئەو دڵە دەبێ چەند گەورە بێ، ئەو هەموو غەمە لە خۆیدا هەڵبگرێ و بە چۆکدا نەیە و لێرە ئاڵای کوردستان لەسەر سەری دابنێت! دەبێ تاقانە کوڕی کاک لوقمانی شەهیدمان هەست بە چ ئەرکێکی قورس بەرانبەر بەو بنەماڵە پڕ شەهیدەی خۆیان بکا! هاوڕێی خۆشەویستمان خوشکە کنێرە، کە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، دوو جار جەرگی قرچا، هاوسەری شەهید

بوو و ئێستە بابی شەهید بوو و ئارسانی کوڕی دوو بابی شەهید بوو! تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن هەست بەو ئازارە بکەن کە زەڕەیەک لەو ئازارەیان ڕۆژێک لە ڕۆژان چێشتبێ کە ئومێدەوارم کەس نەیچێشتبێ و کەسیش ئەو ئازارە بەرەوڕووی خۆی و بنەماڵەیان نەبێتەوە.

ئێمە وەکوو تێکۆشەرانی دێموکرات لەمێژە لەو خەمانەمان هەڵگرتووە، لەو زامانەمان کەوتووەتە سەر جەستەی، بەچۆکدا نەهاتووین، یانی بڵێم ڕاهاتووین بەو غەمانە، ڕاهاتووین بە لەدەستدانی ئەو خۆشەویستانە، ئەگەر ئەو ڕاهاتنە نەبا تەحەممولی ئەو لەدەستچوونی و عەزیز گیان لەدەستدانەمان چۆن دەکرد؟

من دڵنیام هەم بنەماڵە سەربەرز و پڕشەهیدی شەهید لوقمانی مێهفەر و هەم هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی لە حیزبەکەماندا ئەو تەحەممول و ئەو سەبرەیان هەیە کە ئەو زامەش وەک ئەوانی دی هەڵبگرن و ئەو خەمەش وەک ئەوانی دی تەحەممول کەن و دڵنیام تەنیا بە یەک شت جوابی ئەو خەم و ئەو زامانە دەدەینەوە ئەویش بە درێژەدانی ڕێگایان و ئەوە ئەرکی ئێمەیە، نامهەوێ زۆر وەختی ئێوە لەو مەجالەدا بگرم و ڕەنگە مەجالی دی زۆر بێ لەسەر کەسایەتیی شەهید لوقمان قسە بکەین کە چۆن وەفادار بوو بە ڕێبازی دێموکرات، لە بەجێگەیاندنی ئەرکدا چەندە جیددی بوو، لە کاردا چەندە ماندوویی

نەناس بوو و لە کۆمەڵدا چەندە خوێنگەرم و تێکەڵاوی خەڵک بوو و بە نارەحەتیی خەڵکەوە ماندوو بوو، هەڵیدەگرین بۆ کاتێکی دیکە، بۆیە بەناوی هەموو ڕێبەرایەتیی حیزبەوە، بەناوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، کە ئێمە ئەندامانی ئەو ناوەندە شانازی هاوکاریی لە نزیکەوە و ڕۆژانەمان لەگەڵ شەهید لوقمان هەبوو، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی بکەین لە هەموو ئێوە هاوسەنگەران و تێکۆشەرانی حیزبەکەمان بکەین، لە خۆمان، لە ڕێبەرایەتی حیزب و لە ئەندامانی ناوەندی سیاسی بکەم، هیوادارم خەمی ئاوا بەرەوڕوومان نەبێتەوە هەرچەند وەکوو هاوڕێ لێپرساوی گشتی وتی تا ئەو خەباتە هەبێ، تا گەیشتن بە ئاوات مسۆگەر نەبێ خەمیشمان بەرەوڕوو دەبێتەوە، زامیشمان دەکەوێتەوە سەر جەستەی، بەڵام هەموو تەحەممول دەکەین لەپێناو ڕزگاریی کوردستاندا، لەپێناو ئازادیی نەتەوەی کورددا.

جارێکی دیکە سڵامەتی هەموو لایەک بە ئاوات دەخوازم، هیوادارم دوور بن لە هەموو بەڵایەک و ڕۆحی شەهیدی نوێمان شاد، ڕێبازەکەی پڕ ڕێبوار بێ و بەهاتنی دی ئامانجەکانیان گیانیان لەخۆمان ڕازی بکەین.

سپاستان دەکەم

> **شەهید لوقمانی مێهفەر هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستمان،**
> **تێکۆشەرێکی ناسراوی ڕەوتی خەباتەکەمان بوو، ئەو لە کۆنەوە ئۆگری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو، هەر لە تەمەنی لاوەتیشدا تێکەڵ بە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو و لەو ڕێگایەدا هیچ فیداکارییەک نەما کە نەیکات بۆیە لەدەستدانی شەهید لوقمان مێهفەر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا، زامێکی قووڵی نوێیە لەسەر جەستەی حیزبەکەمان، خەسارێکی بەرچاوە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات**

## وێستگە

# خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و قوربانی بوونی ژنان



**نووسین: هێمۆ**

زۆرن ئەو ژنانەی کە بە هۆکارگەلی جیاواز دەکەونە داوی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، خەسارگەلێکی یەکجار دڵتەزێن کە ڕەنگە ڕۆژانە ئێمەی مرۆڤ لە شەقام و کۆڵانەکانی شار و ژینگەی خۆماندا زۆر بە ئاسایی و بە ئاسانی بەلایاندا تێپەڕین و هەستیشی پێ نەکەین.

ژنان توێژێکی زۆر هەستیارن و زۆر زیاتر لە توێژەکانی دیکەش دەکەونە بەر ئازار و گێچەڵی جۆراوجۆرەوە.

ڕەنگە بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانێکی ئاساییان هەبووە، سەخت بێت کە دەرکی ژیانی ژنێک بکەن کە بەهۆی خووگریی هاوسەرەکەی بە ماددەی هۆشبەرەوە، ناچار دەبێت پەنا بۆ لەشفرۆشی ببات، یان دەرکی ژنێک بکەن کە بۆ پاراستنی حورمەت و ئابڕووی خۆی شەوانە و بە دوور لە چاوی خەڵکەوە، زبڵدانەکانی شار دەگەڕێت تا بەڵکوو بەرماوی خواردنی بنەماڵەیەکی تێدا بدۆزێتەوە و ئەو ژەمەش بەوە منداڵەکانی تێر بکات.

ڕەنگە هەر ئێستا لەودیو دیواری خانووەکەی ئێمەوە ژنێک لەگەڵ خووگریی خۆی بە ماددە هۆشبەرەکان شەڕ بکات، ڕەنگە ژنێک هەبێت کە بۆ وەرگرتنی پارە، منداڵی کەسێکی دیکەی لە زگیدا هەڵگرتبێ و چاوەڕێی تەواوبوونی ٩ مانگەکە بێت، ڕەنگە هەر ئێستا ژنێک لە بەر هەژاری پەنا بۆ خۆکوشتن ببات یان یەکێکی دیکە لە نەبوونی سەرپەنایەکدا، لە شەقام و پارکەکانی شاردا وێڵ و وەیلان بێت و بە بەردەوامی بکەوێتە بەر شەپۆلی ئازاری سەر شەقام و هەتا دۆزینەوەی شوێنێکی ئەمن و ئارام بە دەیان جار دەستدرێژیی بکرێتە سەر!

ئەمانە نەک هەموو بەڵکوو تەنیا بەشێکی بچووک لە ژیانی ژنانێکە کە بە هۆکارگەلی جیاواز تووشی خەساری کۆمەڵایەتی دەبن.

نە ناوەندێکی پێوەندیدار هەیە یارمەتییان بدات و نە شوێنێکی ئەمن هەیە کە ببێتە پەناگەیان!

زۆرن ئەو ژنانەی کە لە ڕێگەی باندەکانی قاچاخی ماددەی هۆشبەرەوە، بە ڕێژەیەکی زۆری ماددەی هۆشبەرەوە لە نێو زگیاندا، بۆ سەفەرێک بەرێ دەکرێن کە ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ لە کاتی سەفەرەکەدا نەگیرێن، زۆربەیان بەهۆی تەقینەوەی بەستەکان لە نێو زگیاندا گیانیان لە دەست دەدەن.

زۆرن ئەو ژنانەی کە بە بێ خواستی خۆیان دووگیان دەبن و یان بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتەوە دەمرن یان منداڵەکەشیان وەکوو خۆیان بێ سەرپەنا دەبێت و ناچار دەبن لە گۆشە و کەنارێکدا، فڕێی بدەن تا بەڵکوو چارەنووسیان وەک دایکیان نەبێت و شانسی ئەوەیان هەبێ بنەماڵەیەکی باش بدۆزنەوە.

دەرد و مەینەتییەکانی ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان و یەک لەوانیش ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندیدا زۆر زۆرن، خودی دەسەڵاتی حاکم لە ئێراندا ژنان وەکوو کەرەستە بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار دەهێنێ، ژنان لەم چوارچێوەیەدا وەک ڕەگەزی دووهەم سەیر دەکرێن و هیچ گرینگییەک بە خواست و ویستەکانیان نادرێت، ئەوان تەنیا کەرەستەیەک بۆ زاوزێن و زۆرجاریش وەکوو ئامرازێک بۆ وەرگرتنی زانیاری لە نێوان باڵەکانی ڕێژیمدا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، نە پۆستێکی باڵای دەسەڵاتیان پێ دەدرێت و نە ماف و مووچەیەکی هاوسان وەکوو پیاوانیشیان بۆ دیاری دەکرێت.

لەڕاستیدا کۆمەڵگای ئێران بۆ ژنان جەهنەمێکە کە تەنیا بە نەمانی دەسەڵاتی ئاخوندی کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەم جەهەنەمە بۆ ئەو ژنانەی کە سەر بە نەتەوە بندەستەکانی ئێرانن زۆر گەورەتر و نالەبارترە چونکە چەوساندنەوە و هەڵاواردنەکان بەنیسبەت ژنان لەم کۆمەڵگایانەدا بەپێی سیاسەتەکانی ناوەند جێبەجێ دەکرێن و ژنان چەندقات زیاتر لە پیاوان دەکەونە بەر تەوژمی ئازارەوە.


تا کاتێک کە ئەم دەسەڵاتە هەبێت و تا کاتێک کە ژنان دەنگ هەڵنەبڕن، تا کاتێک کە ژنان نەبنە پێشەنگی کۆمەڵگا و تا کاتێک کە حازر نەبن نرخ بۆ ئازادیی خۆیان بدەن، تا کاتێک کە ژنان سەربەخۆیی ئابوورییان نەبێت، تا کاتێک کە ڕێژەی نەخوێندەواری نەگاتە سیفر لەسەد، تا کاتێک کە ژنان بە نیسبەت پیاوان خۆیان بە لاواز بزانن و تا کاتێک کە لە ژێر سێبەری کۆمەڵگای پیاوسالار و ئاییننتەوەری ئێراندا درێژە بە ژیانیان بدەن، ڕەوتی بەرهەمهێنانەوەی ژنان و دایکانی لە چەشنی ئێستا بەردەوام دەبێت و کۆمەڵگا هیچکات لە چنگی ستەم و داگیرکاری ڕزگاری نابێت، مەگەر جگە لەوەیە کە ئازادی نرخی دەوێت و ژنانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگایە کە دەبێ نرخ بدەن تاکوو بتوانن بە ئازادی و سەربەستی بە مافەکانیان بگەن و ژیانێکی شیاوی خۆیان هەبێ؟

بە خۆشحاڵییەوە دۆخی ئێستای ژنان گۆڕانێکی ئێجگار زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام دیسانیش کەمە، گەیشتن بە ئامانج، زەحمەت و ماندووبوونی دەوێ و ئەوە ئەرکی ژنانە کە بۆ لابردنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانێکی مرۆڤانە هەوڵ بدەن، ماندوو بن و لەم ڕێگایەشدا قوربانی بدەن.

هیچ سەرکەوتنێک بە بێ زەحمەت و ماندووبوون مسۆگەر نابێت بۆیە ژنان دەبێ پێشەنگانە هەنگاو هەڵبگرن و کۆمەڵگایەکی نوێ بۆ خۆیان و بۆ نەوەکانی داهاتوو بونیات بنێنەوە.

# هەڵدان و دروستبوون و پێگەیشتن لە ڕەوتی چوونەپێش لەگەڵ کاروانی خەباتدا!

## لە پێوەندی لەگەڵ ژیان و خەباتی هاوڕێ کاک لوقمان مێهفەر، ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەماندا



ئیبراهیم لاجانی

بەشی یەکەم

خۆش نییە لە پێوەندیی لەگەڵ مەرگی ئینسانەکاندا قسە بکەی، بەتایبەتی مەرگ و شەهیدبوونی ئەو کەسانەی کە هەم وەک هاوڕێ و هاوسەنگەر و هەم وەک دۆست و ئاشنا بۆمان ئازیزن.

بەڵام بۆ ئێمە، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتەکەمان، قەدەر وایە کە جاریّ هێشتاش هەر دەبێ لە بۆنەی وەک ئەوەی ئێستادا ناو و یادی هاوڕێ و هاوسەنگەرە گیان بەختکردووەکانمان بەرز ڕاگرین. لەپێشدا بۆ ئەوەی پەیمان و بەڵێن لەگەڵ ئەوان و ئامانج و ڕێبازەکەیان نوێ کەینەوە پاشانیش بۆ ئەوەی ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان بگرین و ژیان و خەباتیان بکەینە سەرباشقەی ژیان و خەباتی خۆمان.

لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی هەندێک لە سەرخەتە بنەڕەتییەکانی چیرۆکی ژیان و خەباتی نەمر کاک لوقمان مێهفەر بخەمە بەرباس.

کاک لوقمان هێشتا لاوێکی ١٦و١٧ ساڵانە بوو کە لە جەنگەی گەشەی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبەکەماندا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، پێی نایە مەیدانی خەبات و لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خۆی دیتەوە.

یەکەم جار من لە بنکەی حیزب لە پاسگای «سێڵوێ» دیتم. هەندێک سەربازی عێراقی سنووریان پەڕاندبوو، پێشمەرگەکان گرتبوویانن، لە پاسگای «سێڵوێ» لە بنکەی حیزب لە زینداندا بوون. من لە خزمەت نەمر کەک «سەید ڕەسووڵی بابی گەورە»دا بووم کە بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەری وەزعی ئەوان چووبووە سێڵوێ. کاک لوقمان لەوێ بوو، قەتم لە بیر ناچێت کاک لوقمان بە شەهیدی نەمر کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورەی گوت لێرە ئەمن خەڵک بە نوێنەری قاسملووم دەزانن. کاک سەید ڕەسوڵ کە سایکۆلۆژی لاوانی چاک دەزانی و ڕێبەرێکی گەورە و جەماوەریی حیزب بوو، گوتی کاک لوقمان جەنابت لێرە بەدواوە نوێنەری منیشی.

مەبەستی کاک لوقمان ئەوە بوو کە خەڵک ئاوام وەردەگرن و بۆخۆشی هەر خۆی ئاوا دەناساند.

لە زانستی پێداگۆگی و سیکۆلۆژیی گەشەکردندا، ئەوە زۆر گرینگە شاییت بەخۆ بێت و بڕوات بەخۆ بێ و وێنایێکی ئەرێنی و پۆزەتیڤت لە خۆت هەبێت. (a positive self image)

فەیلەسووفی هاوچەرخی ئیسرائیلی پرۆفیسۆر «یوڤاڵ نۆح هەراری»، نووسەری بەناوبانگی «ساپینێس»، واتە مێژووی گەشەی مرۆڤ، دەڵێ ئەوەی ئێمە ئینسانەکان لە مەمکدارەکانی دیکە، لە ئاژەڵەکانی دیکە، جیا دەکاتەوە بریتییە لە توانای چیرۆک و ئوستوورە دروستکردن، بریتییە لە توانای خولقاندنی چیرۆک و ڕۆیشتن بە دوای ئەو داستانانەدا. میعراج و وەحیی ئیلاهیش کە پێغەمبەران، پیاوچاکان و عارفانی وەک «مەولانای ڕوومی» و «مەلای جزیری» ئەزموونی دەکەن، جۆرێکی دیکەیە لەو ئەزموونە.

پاش دەیان ساڵ خوێندن و خوێندنەوە و دەرس گوتنەوە و حیزبایەتی و شارەزایی لە مێتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، بڕوایەکی نزیک لە دڵنیاییم هەیە کە هەر ئەو وێنا ئەرێنییەی کە کاک لوقمان لە سەرەتادا لە خۆی هەیبوو، وەک ئەو وزە تاریک و نادیارەی گالاکسەکان، واتە گەلەئەستێرەکان بۆ پێشەوە پاڵ پێوە دەنێ، ئەوی لە خەباتدا، لە کاری حیزبی و تەشکیلاتیدا، لە ژیان و گەشە و هەوڵداندا بردە سەر.

ئەو وێنە پۆزەتیڤە کە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوییەوە کاک لوقمان لە خۆی هەبوو، وەک وزەیەکی بەردەوام، ئەوی بردە پێش و کردی بەو تێکۆشەرە تەواو عەیارەی کە لەو چەند دەیەی دواییدا بە گشتی و لەسەر پێچە توندەکانی مێژووی حیزبدا، بتوانێت پێئەسپێردراو و بەرپرسایەتیی گەورە لە حیزبدا قبووڵ بکات و بە ڕووسوریشەوە لە ژێریان بێتە دەر.

ئەو جەوهەر و تێمپرامێنتە بوو ئەو نەمرەی کردە ئەو کادرە بەوەجەی حیزب کە دواتر نەک هەر لە ناوچەیەکی بچکۆلەی وەک «بەربنە»، بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستاندا، وەک نوێنەری بیر و ڕێبازی قاسملوو، وەک یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی پێشەوا و قاسملوو و هەزاران شەهیدی دیکە، یانی حیزبی دێموکرات، دەرکەوێ و وەرگیرێ و بناسرێ و بدرەوشێتەوە.

ڕۆژ لە ئاسۆ هەڵدێ و لە کەلەپۆ ئاوا دەبێ. بەو هەڵاتن و ئاوابوونی بێوچانەی تۆماری ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵەکان دەپێچێتەوە و ماشەری ڕۆژگار هەڵدەکاتەوە. قەتاری زەمەن بەخێرایی با و برووسکە بەسەر شێلمانی تەمەنی ئەو خەڵکەدا دێ و ڕادەبرێ. لەو بگرە و بەردەدا دەستە دەستە مرۆڤ لەنێو دەچن و خۆیان و ناویان دەبنە بڵقی سەر ئاو و دەپووچێنەوە. کار و ناویان دەچنە هەمبانەی فەرامۆشییەوە و لە بیری خەڵک دەچنەوە، بەڵام ئەوانەی ژیانیان بۆ خزمەت بە میللەتی خۆیان، بۆ بردنە پێشی دادپەروەری و ئازادی، بۆ بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، بۆ پشتیوانی لە چەوساوەکان و مەزڵوومەکان، بۆ بردنە پێشی بابەتێکی ڕەوا و بەرحەق تەرخان دەکەن، قەتاری زەمان لە ئاست ئەوان چاوی کوێر دەبێ و دەستی ڕەق دەبێ. ئەوان لە ویژدانی میللەتی خۆیاندا بە زیندویی دەمێننەوە.

«هرگز نمیرد آن کە دلش زندە شد بە عشق ثبت است بر جریدە عالم دوام ما»

ئاخر ژیان و خەباتی ئەوان خزمەتە بە گەل و نیشتمانی خۆیان، بە ئازادی و بە دادپەروەری. گەل و نیشتمان و ئازادی و دادپەروەریش لە کات و ڕۆژگار بەهێزترن و هەمیشە خۆیان نوێ دەکەنەوە.

لەخۆڕا نییە ئەرمەنییەکان کە لە مێژوودا زۆر کارەساتیان بەسەر هاتووە، دەڵێن ئینسان ڕۆژێک هەر دەمرێ، جا کەوایە چ شانازییەک لەوە گەورەترە کە مرۆڤ لەپێناوی گەل و نەتەوە و نیشتمانی خۆیدا بمرێت. لەپێناوی ڕزگاریی وڵاتی خۆیدا بمرێت.

وەک وتمان ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لەدایک دەبن و دێنە سەر دونیا. گەورە دەبن دەچنە قوتابخانە، دەچنە بازاڕی کار یان زانکۆ و بڕوانامەیەک وەردەگرن و لەگەڵ لەشکری بێکاران دەکەون یان لە کارخانەیەک یان لە جێگایەک کار دەکەن و پاشان هاوسەرگیری دەکەن و دەمرن. ئەوە پرۆسەیەکی گشتییە.

لەو نێوەدا هەموو ئەوانە بە کەمێک جیاوازییەوە وەک یەک دێن و تێدەپەڕن. نەزم و نۆرمی گشتیش ئەوەی دەوێ. بنەماڵە و دایک و باوک ئەوەیان دەوێ. دەوڵەت و قوتابخانە و پۆلیس و ئاسایش ئەوەیان دەوێ. کلیسا و مزگەوت و تێمپەڵ هەر ئەوەیان دەوێ؛ بەڵام هەندێک کەس هەن نایانهەوێ وەک ئەو خەڵکە بن. ئەوان بەپێچەوانەی ئەو ڕەوتە گشتییە دەیانهەوێ جیاواز بن.

ئەوان دەیانهەوێ لەو دونیایە حاڵی بن، لە دونیا تێبگەن. دەیانهەوەی وەک حەزرەتی ئیبراهیم بە گژ بتەکاندا بچنەوە. دەیانهەوێ بە دژی ئەو نەزمە، بە دژی ئەو بێ عەداڵەتییە کە لە گۆڕێدایە بێنە مەیدان.

بۆ کارێکی لەو چەشنە و بۆ هاتنە مەیدانی خەباتێکی لەو چەشنەش، مرۆڤ پێویستیی بە ئازایەتی و بوێری و شەهامەت و ئیدامەکاری و مانەوە و سووربوون لەسەر ڕێباز و ئامانج هەیە. ئەو جۆرە کەسانە، وەک ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی «سەمەدی بێهرەنگی»، دەبێ قاوغی خۆیان بشکێنن و گۆمی مەندی ژیانی ئاسایی جێ بهێڵن و بەرەو چۆم و ڕووبار و دەریاکان سەرهەڵگرن تا لە دونیا بگەن و فەلسەفەی ژیان فێر بن و لە مانای قووڵی ژیان و جوانی و خۆشەویستی بگەن.

لە ساڵانی کۆتایی دەیەی ٦٠ی زایینیدا جارێک «سەمەدی بێهرەنگی» بە خوێندکاران و ڕووناکبیرانی ئێرانی کە ئەودەم لە مەکۆکانی شەقامەکانی دەوروبەری زانستگای تاراندا ئێواران لێک کۆ دەبوونەوە، دەڵێت: «ئەگەر دەتانهەوێ ڕیسالەتی خۆتان بەجێ بێنن، بڕۆن لە تێکۆشەرانی کوردستان فێربن بزانن چۆن بە گژ ئەژدیهای زوڵم و ستەمدا دەچنەوە». سەمەد ئەو قسەیەی کاتێک کردووە کە لە کوردستان جووڵانەوەی خەباتگێڕانەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی لەگۆڕێدا بوو. ئەودەم کە خەباتگێڕانی وەک «شەریفزادەکان، لاجانییەکان، موعینی و ئاوارە و زەنگەنەکان»، دوورگەی ئارامی حەمەڕەزاشایان وەلەرزە خستبوو.

دوکتۆر «محەممەد مەهدی ئەردەبیڵی»، لە جەژنی کۆتایی دەورەی خوێندنی خوێندکارانی فەلسەفە لە زانکۆی تەباتەباییدا، ڕوو لە خوێندکارەکان دەکات و دەڵێت: «ئەو بڕوانامەیەی ئەمڕۆ وەری دەگرن، هیچ بایەخێکی نییە.

ئەگەر بەڕاستی عاشقی فەلسەفەن، ئەگەر دەتانهەوێ لە دنیا تێبگەن و شوێنەواری لەسەر دانێن و بیکەن بە شوێنێکی باشتر بۆ ژیان، دەبێ جیاواز بن؛ جیاوازبوونیش،ماڵیاتی دەوێ، دەبێ کات و تەمەن و وزەی بۆ تەرخان کەی، دەبێ مایەی بۆ دانێی، دەبێ فیداکاری و گیانبازی بۆ بکەی و ئامادەی چوونە سەر دار بی، دەبێ عاشق بیت، ئەو کەسەی عاشقە لەپێناو عەشقی خۆیدا هەموو شتێک دەکات؛ وەک پەپوولە بە دەوری مۆمی خۆیدا دەسووڕێتەوە و ئەگەر سووتاش هەر سەرمەستی عەشقی خۆیەتی. مەجنون ڕوو لە کەژ و کێو دەکات و فەرهاد بێستوون بە عەشقی شیرینەوە دادەتاشێ. دیارە لەو جۆرە حاڵەتانەدا ئینسان تەنیا بۆخۆی دەبێ بەدوای عەشق و بیروباوەڕی خۆیدا بڕوات و گوێ نەداتە ئەوەی کە خەڵک چت پێ دەڵێن و لەو ڕێگایەدا چت بەسەر دێ. مەبەست ئەوە نییە مرۆڤ بیر نەکاتەوە، مەبەست ئەوەیە گەڕان بەدوای حەقیقەت و ئازادیدا بوێری و لەخۆبردوویی و پاکباختەیی دەوێ».

بەڵێ ئەو ڕێگایە ئینسانی ڕند و عاشقی دەوێ، هێمنی نەمر دەڵێ:

«هەتا دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عەشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر».

دیارە وەک وتمان ئەو جۆرە ژیانەش ماڵیاتی دەوێ. ماڵیاتەکەی جاری وایە هەر ئەوە نییە کە گیان دادەنێی و دەڕۆی، جاری وایە منداڵ و نەوەکانیشت لەو ئاگرەدا دەسووتێن. وەفایی ئەو مەبەستە بە جوانترین شێوە بەیان دەکات:

«هەرکەسێک هات و گوتی من عاشقم بڕوا مەکە
تا لەسەر گۆنای نیشانەی زەخمی مارانگەز نەبێ».

لەو ڕێگایەدا لەباری ماددی و لەزەتە ڕووکەشەکانی دونیاوە هیچمان دەست ناکەوێ بەڵام چوونەپێش بە ڕێگای خەباتدا دەمانکات بە خەباتگێڕ، بۆ خەباتگێڕبوون دەبێ مرۆڤ ئامادەی قومار بێ، ئامادەی مایە لەخۆدانان بێت و لەوەش زیاتر تەنانەت ئامادەی سەردانانیش بێت.


جارێک دوکتور سەعیدی نەمر پێی گوتم: «براییم ئەگەر نەبووبامە پێشمەرگە، لە باشترین حاڵەتدا مامۆستایەک بووم سەد دووسەد خوێندکار دەیانناسیم و هیچیتر، بەڵام ئەوەتا ئێستا لە هەموو کوردستان خەڵک بە کوڕی خۆیانمان دەزانن».

کاک لوقمان بەو جۆرە هاتە نێو تەشکیلات و لەگەڵ کاروانی خەباتدا چووە پێش. بە مایە لەخۆدانان و فیداکاری، بە بڕواهێنان بە ڕیسالەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەیشتە ئەو پلەیە لە هەڵدان و گەشە کە وەک هەموو ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، ببێتە جێگای هیوا و ئومێدی خەڵکی کوردستان.

ئەمن پێموایە سێ هۆکاری سەرەکی لەسەر گەشە و هەڵدانی کاک لوقمان لە تەشکیلاتدا کاریگەرییان هەبووە.

درێژەی هەیە...

# «ژن» لە شێعری «هێمن»دا



ڕۆژیندا بەیان

ڕۆژی ١٦ی ئاپریلی ١٩٨٦ی زایینی، هێمن موکریانی شاعیری هەست ناسک، شاعیری عەشق و ئازادی لە شاری ورمێ ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەگەر بمانهەوێت لە ساڵیادی مەرگی ئەم شاعیرەدا دەربارەی شێعری هێمن قسە بکەین، زۆر قسە هەیە بۆ وتن و شێعری هێمن لە زۆر ڕووەوە قسە هەڵدەگرێت. ئەوەی لێرەدا من دەمهەوێت باسی لێوە بکەم بابەتی ژن و پرسی ژنە لە شێعری هێمن موکریانیدا. هێمن کە شاعیری عەشق و ئازادییە، ژن لەلای سەرچاوەی عەشق و خۆشویستنە . لەهەمانکاتدا سەرچاوەی ژیانە وەک دەڵێت:

با هەزار «زێ» و «گادەر» و «لاوێن»ی ڕوونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

هێمن ژن بە سەرچاوەی ژیان، دەزانێت و ئازادی کۆمەڵگا گرێ دەداتەوە بە ئازادی ژنەوە. وەک چۆن فایەق بێکەسی شاعیر دەڵێت:

«نێر و مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە دیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ.»

هێمن بڕوای تەواوی بە ئازادی هەبووە، لە پێناو ئازادیدا دەربەدەری چێشتووە، بەشێکی زۆری ژینی لە ئاوارەیی بردۆتە سەر، بەڵام ئازادی بەلای هێمنەوە تاکڕەهەند نەبووە، هێمن لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە ئازادی نیشتمان هەبووە لە هەمانکاتدا باوەڕی بە ئازادی تاکیش هەبووە، ئەمە هەمان ئەو دیدەیە کە هێمن لە بەشێک لە شاعیرانی هاوچەرخ جیا دەکاتەوە. تاک لە شێعری هێمندا سەنتەرە و بوونەوەرێکی پەراوێزکەوتووی بێکردە نییە. شێعری «سووری دەوران» بێزاری هێمنە لەو کەلتوورەی کە تاک و ئازادی تاک، چ ژن و چ پیاو دەکوژێت. لەم شێعرەدا کە چیرۆکی قوربانی بوونی کچە میرێکە، کە باوکە میرە زۆردارەکەی، کچەکەی و خۆشەویستی کچە بەس تەنها دەکوژێت لەبەر ئەوەی یەکیان خۆش ویستووە و ژیانی خۆیان بە حەزی خۆیان هەڵبژاردووە، بێزارە لەم کەلتوورەی کە ئازادی تاک، ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر، ئازادی خۆشویستن پێشێل دەکات و هەر لە دێڕی یەکەمدا بە تووڕەییەوە باس لەم کەلتوورە دەکات و دەڵێت :

«زەمانی زوو هەبوو میرێکی زۆردار
دزێو و دڵڕەق و خوێنرێژ و لاسار
دڵی خۆش بوو بە ئازاری هەژاران
بە دەس ئەو چوون هەزاران و هەزاران
...»

لەم شێعرەدا میر، واتە باوکی کچە نوێنەری ئەو کەلتوورە تاک کوژەیە کە ئازادییەکانی تاک و ئازادی ژنان، ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر پێشێل دەکات و ئەو مافە بەخۆی دەدات کە کچەکەی و خۆشەویستی کچەکەی بکوژێت تەنها لەبەر ئەوەی یەکیان ویستووە.
هێمن لە زۆر شێعری تردا جەخت لە سەر ئازادی ژن و سەربەستی ژن دەکاتەوە، لای وایە کۆمەڵگای ئەو، کاتێک ئازاد دەبێت کە ژن تێیدا سەربەست و ئازاد بێت. لە سەردەمێکدا کە کەلتووری پیاوسالاری ژن لە ماڵەوە قەتیس دەکات، هێمن شانازی بە «ئەختەر»ەوە دەکات کە چەکی لە سەر شانە و دەڵێت:

ئەختەر کچی کوردی چاومەست!
ئیلهام بەخشی شێعری پڕهەست!
ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
کە دیتمی تفەنگ بە دەست
زانیم گوڵی هیوام پشکوت
بەیانی ئازادی ئەنگوت

هێمن لەم شێعرەدا کە بە «گوڵی هیوا» ناوی بردووە شانازی بە ئەختەر، کچە کوردێکەوە دەکات کە چەکی لەسەر شانە و شان بە شانی پیاوان لە سەنگەردایە بۆ ئازادی نیشتمانی و ئەو کاتە دڵنیا دەبێتەوە کە وڵاتەکەی سەربەست دەبێت و گوڵی هیوای شاعیر دەپشکوێ، کە دەبینێ ئەختەر لەماڵ هاتۆتە دەر و تەنها کاری ئەو کاری ماڵ و خۆڕازاندنەوە بۆ پیاوان نییە. وەک دەڵێت:

شەقت هەڵدا لە زێڕ و جل
تووڕت داوە کلدان و کل
توندت کردووە پشتوێنی شل
فیشەکدانت کردۆتە مل

هەروەها هێمن بە تەواوەتی خوازیاری ئەوەیە ژن و کچ ڕوو لە خوێندن بکەن، سەربەستی وڵات لەوەدا دەبینێ کە تاکی خوێندەوار و زانای هەبێت و نەخوێندەواری ژنان، بە خۆرەی وڵاتەکەی دەزانێت. هێمن ڕەخنە لە کەلتووری پیاوسالاری دەگرێت کە بەریان بە خوێندنی ژنان گرتووە. هێمن بندەستبوونی ژنان بەوەوە لێک دەداتەوە کە کۆمەڵگا بندەستە و لای وایە هیچکات کۆمەڵگا ئازاد نابێت هەتا ژن ئازاد نەبێت. وەک دەڵێت:

«چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست،
کە کچ دابەستە بێت؟
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و کچ لە ژوور دابەستنە؟!
دەرکی داخستووە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە
دەرکەداخستن لە تۆ دەرکی ژیان داختنە
داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتاکەی پێت بڵێن
نابێ بێتە دەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە»

هێمن لەگەڵ ئەوەی بە توندی هێرش دەکاتە سەر پیاوان و کەلتووری پیاوسالاری بەوەی کە ژنانیان ئەسیر کردووە، ڕەخنە لە خودی ژنانیش دەگرێت کە بەو چارەنووسە ڕازین و داوا لە ژنان دەکات کە بێنەدەر، دەرکە بشکێنن و خۆیان چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست. ئەوەی کە دەڵێت:

داڕزینە مردنە ، ئاخر هەتا کەی پێت بڵێن...

ئەرکێک دەخاتە ئەستۆی ژنان و کچان خۆیان و داوایان لێدەکات کە ملکەچ نەبن، بێنە دەر لە ماڵ و پەچە بدڕێنن، ڕوو بکەنە مەکتەب و بخوێنن. وەک ئەڵێت:

«لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمی گەشت
چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕووگرتنە
کیژی خەڵکی بۆمبی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی «ئەستێولک» و «دەرخۆنە» و «پنە»
فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرینە»

هێمن ڕۆشنبیرێکە کە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگا دەبینێت، ئەویش نەخوێندەواری و بندەستەیی ژیانە. ئەو بێدەنگ نابێت بەرامبەر بەم کێشانە، شاعیری عەشق و ئازادییە و ئازادی زۆر بەرفراوانتر دەبینێت لەوە کە لە لێکدانەوەکانی هاوچەرخیدا هەیە. ئەو ئازادی تاک، ئازادی ژن بە مەرجی سەرەکی ئازادی ئەبینێت و نەبوونی ئەو ئازادییە ئازاری ئەدات. هاوار دەکات کە دەبێت ژن و کچ وەک بەشێک لە کۆمەڵگا ئازاد بن.
لە شێعری وتووێژی کچ و کوڕدا بە زمانی کوڕەوە دەڵێت:

«کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردە پێ پەستە
بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدەگیان بدە یاری برای خۆت
لە گوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان

هێمن ژن وەک کەرەستە نابینێت، لە سەردەمێکدا کە کەلتووری باوکسالاری و پیاومەزنی ژنی دەکردە کۆیلە، هێمن وەک ئینسان چاو لە ژن دەکات و هەموو ئەو مافانەی بۆ خۆی وەک پیاو بە ڕەوای دەبینێت بۆ ژنیشی بە ڕەوا دەبینێت و خوازیاری ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتییە. خوازیاری ئەوەیە ژنان چارشێوی ڕەشیان لابدەن بۆ ئەوەی دەرکەوێ کوڵمی گەشیان. هەروەها ئەو خوازیاری ئەوەیە ژنان بە دڵی خۆیان هاوسەر، خۆشەویست، جلوبەرگ و ... هەڵبژێرن . تەنانەت لە وەسیەتەکەشیدا ژنان لە بیر ناکات و دەڵێت:

«کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک
ئەو کە شینگێڕی شەهیدان بوو کوا

- یادگاری شیرین — مەهاباد ١٣٢٤ هەتاوی
- دیوانی فایەق بێکەس
- شیعری «سووری دەوران» ، ناڵەی جودایی
- گوڵی هیوا — دیوانی هێمن
- شیعری گوڵی هیوا
- یادگاری شیرین
- وتووێژی کچ و کوڕ- دیوانی هێمن

# حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەنگی «نا»وتنە بە کۆماری ئیسلامی

جاقل

ڕوخانی دەسەڵاتی ناڕەوای پەهلەوی لە ئێران و کوردستان، خۆشحاڵی کۆمەڵانی خەڵکی لێکەوتەوە . نەتەوە جیاوازەکانی ئێران کە لە ماوەی دەسەڵاتداری ڕەزاخان و کوڕەکەیدا هەمیشە پەراوێز خرابوون، بە نەمانی ئەو دەسەڵاتە هەوڵیان دەدا هەتا زیاتر لە دەسەڵاتی داهاتوودا بەشدار بن . بەشداربوونی نوێنەری نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە دەسەڵاتدا دەبووە هۆی ئەوە هەتا لە ڕێژەی زوڵم و زۆری ڕێژیمی ناوەند بەرانبەر بە ئەو نەتەوانە کەم ببێتەوە و عەداڵەت و ئاسایش لە وڵاتدا جێگیر ببێت . ئاخوندەکان بە پلان و یارمەتی دەرەکی سواری شەپۆلی هەستی مەزهەبی خەڵک بوون و ڕەوتی شۆڕشیان بۆ شوێنێک گواستەوە کە لە بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزدا بێت . بە هۆی بانگەشە دینییەکان ، کۆمەڵانی خەڵک لەوکاتەدا بەرانبەر بەهەموو شک و پرسیارکردنێک لە بابەت داهاتووی وڵاتەوە دەوەستانە و شک کردن و پرسیارکردن بە جۆرێک لە جۆرەکان نە تەنیا بڤە بەڵکوو تا ڕادەیەکیش وەک تاوان بە ئەژمار دەهات . دەتوانین بڵێین قسەکانی خومەینی لەو کاتەدا بۆ زۆربەی خەڵکی شیعە مەزهەبی ئێران چەشنێک پیرۆزی هەبوو کە کارتێکەری لە سەر دەروونی ئەو ئینسانانە دادەنا . ئەم نەوعە لە گوێڕایەڵی و بێدەنگی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵات یان خوازیاری دەسەڵات ، هیپنۆتیزمێکی نائاشکرایە کە تەنیا بە تێپەڕبوونی کات زیاتر خۆی نواند .
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملووی شۆڕشگێڕ و دانا کاتێک کە بینی ئاخوندەکان دەیانهەوێ لە ڕێگای بەناو ڕیفراندۆمێکەوە مەشروعییەت بە دەسەڵاتەکەی خۆیان بدەن بەرانبەر بەم چەواشەکاری و زوڵمە نوێیە ڕاوەستا و بە بایکۆت کردنی ڕیفراندۆم «نا»یەکی دروستی بە دەسەڵاتداری ئاخوندی و سیستمی توتالیتێری ناوەندگرای تاران وت . «نا» وتن بە کۆماری ئیسلامی یەکەمجار لە حیزبی دێموکراتەوە دەستپێکرد و بە نیسبەت فەزای ئەوکات لە کوردستان و ئێراندا تەشەنەی ئەستاند . ئاخوندەکان بەبێ بەشداری کوردەکان، ڕەواییان بە دەسەڵاتی خۆیان دا و بوونە بەڵایەک بۆ هەموو خەڵکی ئێران و ناوچەکە و هەموو خەڵکی جیهان .
لە بەرەبەری بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شۆراکانی دێ و شاردا کەمپەینی «نا» بە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دەنگ نەدانی خەڵک وەرێ کەوتووە . ئەگەرچی بیری فاشیستی زاڵ بە سەر ڕاگەیاندنە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا باس لە مێژووی «نا» وتن بە دەسەڵاتی ئاخوندی وەک خۆی ناکات بەڵام دەبێ لاوەکان و نەسڵی نوێ زۆر بە وریاییەوە ئەوە بزانن و شانازیشی پێبکەن کە ئەوە میللەتی کورد بووە کە یەکەمجار «نا» ی بە کۆماری ئیسلامی وتووە و ئەو «نا» وتنە هەتا ڕوخانی یەکجاری ڕێژیم هەر درێژەی دەبێ . شەڕی زەرگەری نێوان باندەکانی پارێزەری ڕێژیم بە سپایی و ئیسلاحتەڵەب و ئوسولگرا و ئەحمەدی نەژادییەوە تەنیا فێڵگەلێکی سواون بۆ گەرم کردنی بازاڕی هەڵبژاردنی داهاتووی ڕێژیم . ڕێژیمی دۆڕاو و شکستخواردووی ئاخوندی بۆ پەلکێشکردنی خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان باس لە کوتانی ڤاکسەنی دژە کۆڕۆنا لەو ڕۆژەدا دەکات .
هەر چەند ئەمە جگە لە درۆ و پڕوپاگاندایەکی بێ بنەما هیچی دیکە نییە بەڵام ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە کەرامەتی ئینسانەکان چەندە لای ڕێژیم سوک و بێ بایەخە . ڕێژیمێک کە ژن بە مرۆڤی تەواو نازانێ و لە باری کۆمەڵایەتی و حقوقییەوە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێنەداوە لە ڕێگا نافەرمییەکانییەوە باس لەوە دەکات کە ژنانیش دەتوانن خۆیان بپاڵێون .
بەشداری مۆرە تیرۆریستەکانی سپای پاسداران و بانگەشە پێشوەختەکانیان بۆ هەڵبژاردن دەرخەری ئەوەیە کە ڕێژیم تەنانەت ئوسولەکانی خۆیشی ناپارێزێت و بۆ فریودانی خەڵک پەنا بۆ هەموو میتۆدێک دەبات . تێکەڵکردنی هەر دوو هەڵبژاردنی شۆرا و سەرکۆماریش هەر لە ڕاستای فریوی کۆمەڵانی خەڵکدایە .
بزواندنی هەستی کوچە و کۆڵان و خزم خزمێنە بە ناوی بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هیچ دەسکەوتێکی بێجگە لە ماڵوێرانی لێناکەوێتەوە . ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم کەتوارانە لە لایەن خەڵکانی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانەیە کە قافڵەسالارەکەی دوکتور قاسملووی ڕێبەرە .
نەسڵی تازەپێگەییشتوو دەبێ بە وریاییەوە هەنگاو هەڵگرێ و فریوی ڕاگەیاندن و دامودەزگاکانی ڕێژیم نەخوات کە بە جلوبەرگ و ڕەنگی جۆراوجۆرەوە بە شێوەی نەرم دەیانهەوێ لاوی کورد لە ئەرزشە ڕەسەنە خەباتکارانەکانی دوور بخەنەوە .


حزب دمکرات کردستان ایران
در رفراندوم شرکت نمی کند

حزب دمکرات کردستان ایران دیشب به دنبال جلسه‌ای موضع خود را در باره مساله رفراندوم روشن کرد و با انتشار بیانیه‌ای اعلام کرد به دلیل غیر دمکراتیک بودن رفراندوم و روشن نبودن محتوای جمهوری اسلامی در زمینه تامین دمکراسی و تامین حقوق خلق‌های ایران حزب دمکرات کردستان ایران در رفراندوم

## دیلان هەردی:

# بەشێک لە کەسانی سەر بە دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر دەوام ناهێنێ و بۆ دەربازکردنی خۆیان بە کۆمەڵێک زانیاری نهێنییەوە پەیوەندی بە دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دژبەری ئێران دەکەن

وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی



لەماوەی یەک ساڵدا ڕێکخراوی وزەی ناوکی ڕێژیمی ئێران دوو جار هێرشی کراوەتە سەر، بنکەیەکی مووشەکی لە خۆجیر ئاگری گرت و یەکێک لە بەرپرسانی باڵای ئەتۆمی ئێران لە هێرشێکدا لە نزیک تاران کوژرا. هەموو ئەوانە نیشاندەری بوونی کەلێنی ئەمنییەتی لەو نێو دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانە. ئەمەش لەحاڵێکدا چەندین ناوەندی ئەمنییەتی لە ئێران چالاکیان هەیە و بەردەوام لەسەر ڕاگەیەندنەکان لەسەر تواناییەکانیان دەدوێن. لە وتوویژێکدا لەگەڵ «دیلان هەردی» نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی، لاوازی دەزگا ئەمنیەکانی ڕێژیمی ئێرانمان خستووەتە بەر باس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**- ئایا دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنییەکانی ڕێژیمی ئێران کەوتووەتە ژێر نەفوزی وڵاتانی وەکوو ئامریکا و ئیسرائیل؟**

پێشەکی پێویستە بڵێم کە ئەگەر تا ئێستا، بەهێزی وڵاتێک یەکسان بوو بە بەرفراوانیی خاکەکەی و کۆنترۆڵی دەریاکان و سەرچاوەکانی وزە، یان هەبوونی هێزی نیزامیی گەورە و کەرەستەی پێشکەوتووی شەڕ، لەمەوبەدوا بەهێزیی وڵاتێک یەکسانە بە هەبوونی زۆرترین زانیاریی لە هەر بوارێکدا لەسەر هەموو کەس لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی. لەو بوارەدا ئەمریکا پێشەنگە لە کۆکردنەوەی زانیاری. هەر لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە لە ئەمریکا کۆمەڵێک تینک تانک (Think tank) یان ناوەندی فکریی دروست بوون کە توانیان لە بواری کۆکردنەوەی زانیاری سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکەن؛ بۆ نموونە دامەزراوەی ڕەند (Rand Corporation) توانی لە تەنیشت دروستکردنی یەکەم چەکی ئەتۆمی، یەکەم سەتەلایت یان مانگی دەستکرد بۆ چاودێریی یەکیەتیی سۆڤیەت، یەکەم کۆمپیوتەر بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان و هێڵی ئینتێرنێت بۆ لێکگرێدانی تۆڕی سیخوڕەکانی سی ئای ئەی لە سەرانسەری جیهان و کۆمەڵێک داهێنانی دیکەش بۆ یەکەمجار بەرهەم بهێنێ. بەشێکی زۆر لە پسپۆڕەکانی ئەو بوارانەش جوولەکەکانی ئەمریکا بوون کە دواتر لەو بوارانەدا یارمەتی دەوڵەتی ئیسرائیلیان دا. ئەمڕۆ تەواوی ئەو ئامێرانەی گرێدراوی ئینتێرنێتن و خەڵکی سەرانسەری جیهان کەڵکیان لێوەردەگرن، لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە ئیمکانی دەستپێڕاگەیشتنیان هەیە، چونکە سێرڤێری سەرەکیی زۆربەی نەرمەئامێر و ڕەقەئامێرەکان لە ئەمریکایە. دەزگای سی ئای ئەی زیاتر متمانەی بە تێکنۆلۆژییەکەیەتی تاکوو بە سیخوڕیی مرۆڤەکان کە زۆر جار دەکەونە داوی وڵاتانی دیکەوە یان زانیاریی هەڵە کۆ دەکەنەوە. واتە کامێرایەکی گوگڵ لە ئاسمانەوە و گوێگرتن لە گفتوگۆی دوو بەرپرسی حکوومەتی ئێران لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە، بۆ ئەمریکا پڕمتمانەترە لەوەی سیخوڕێک زانیارییان پێ بدا. ئیدارەی دۆناڵد ترامپ زۆر سەرنجی خستبووە سەر ئێران. مایک پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئیدارەی ترامپ تەنانەت پێش ئەوەی ئەو پۆستە وەرگرێ، بەوە ناسرابوو کە لایەنگرێکی توندی بەهێزکردنی سیخوڕی لە ئێران بوو و کاتێک سەرۆکی سی ئای ئەی بوو، لە کۆبوونەوەیەکدا لە تێگزاس دوازدە جار ئێرانی وەکوو هەڕەشە ناساند. بۆیە دەتوانم بڵێم وردترین کار و کردەوی ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی ئێران لەلایەن ئەمریکییەکانەوە تۆمار دەکرێ و هەڵوێست و دژکردەوەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران بەپێی ئەو زانیارییانە دیاری دەکرێ، نەک بەپێی گوتار و دروشم و هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ئێران. هەروەها دەزگای زانیاریی ئیسرائیل مووساد و سی ئای ئەی پێکەوە هەموو زانیارییەک ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەتایبەت لەسەر ئێران.

**- تەنیا لە ماوەی یەک ساڵدا دامەزراوەی نەتەنز دوو جار هێرشی کراوەتە سەر و هەروەها زانایەکی ئەتۆمی کوژرا، کە بەرپرسانی ڕێژیم تۆمەتی ئەو هێرشەیان خستووەتە سەر ئیسرائیل، ئایا شەڕێکی ئیتلاعاتی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل لەئارادایە؟**

ئەگەر باسی شەڕی زانیاری لە نێوان ئێران و ئیسرائیل بکەین، بەدڵنیاییەوە دۆڕاوی ئەو شەڕە تا ئێستا ئێران بووە، چونکە تۆڕی زانیاری ئیسرائیل زۆر وردتر و بەهێزترە.

لە بەرامبەردا، دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێران لەو ئاستەدا نین کە بتوانن ڕووبەڕووی دەزگا ئیتلاعاتییەکان ئیسرائیل و ئەمریکا ببنەوە. لە سەرەتای دەیەی هەشتای زایینی و لە سەردەمی سەرۆکایەتیی «ڕۆناڵد ڕەیگان»، ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک ڕێککەوتنی سیاسی و نیزامییان واژۆ کرد.

یەکێک لە ڕێککەوتنەکان لە بواری زانیاری و سیخوڕی بوو. هەر دوو دەزگای سی ئای ئەی و مووساد پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە.

دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێران بەشی زۆری لە سیخوڕی مرۆیی پێکهاتووە و لەڕووی تێکنۆلۆژییەوە لەو ئاستەدا نییە کە شەڕی زانیاریی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا بکات. هەر ئەوە کە بەرپرسێکی گرنگی بەرنامەی ئەتۆمی وەکوو فەخریزادە بە شێوەیەک لەلایەن ئیسرائیلەوە (بە گوتەی کاربەدەستانی ئێران) دەکوژرێ کە تا ئێستاش بۆ دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێران ڕوون نەبۆتەوە کە چلۆن کوژرا و کێ کردەوەکەی ئەنجام دا و چلۆن کات و شوێنەکان پێشتر دەستنیشان کراون و زانیاریی هاتوچۆی فەخریزادە چلۆن بە دەست ئیسرائیل گەیشتووە، نیشانەی بەهێزیی دەزگای زانیاریی ئیسرائیل و ئەوپەڕی لاوازیی دەزگا زانیارییەکانی ئێرانە. نیشانەیەکی دیکەی لاوازیی دەزگا زانیارییەکانی ئێران لەوەوە دەردەکەوێ کە لە نێو بنکە ئەتۆمییەکان لە ڕێگەی دوورەوە تەقینەوە ئەنجام دەدرێ، بێ ئەوەی دەزگا زانیارییەکانی ئێران کەمترین هەستیان بەو نفووزە کردبێ. لە بەرامبەردا تا ئێستا ئێران نەیتوانیوە بچووکترین کاری لەو شێوە بەرامبەر بە ئیسرائیل بکا.

چونکە ئێران لە بواری تێکنۆلۆژیاییەوە زۆر لاوازە و ئەو تێکنۆلۆژییانەش کە لە چین و ڕووسیای وەردەگرێ، لەو ئاستەدا نین کە دیواری ئەمنی ئیسرائیل تێپەڕ بکەن، هەروەها ئێران خۆی بۆ ئەوەی کاری لەو شێوە بکا پێویستیی بە سیستمی سەتەلایت و ئینتێرنێتە کە ئەوانیش لە کۆنترۆڵی ئەمریکادان و هەر جۆرە هاتوچۆیەکی زانیاریی ئەمنی یان هەڕەشەی ئەمنی بە بەرچاوی ئەمریکاوە تێپەڕ دەبێ.

**- ئەو کەلێنانەی کە لە نێو دەزگا ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمدا هەیە، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

کەلێنە ئەمنییەکانی نێو دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێران دەکرێ دوو هۆکاری هەبێ: یەکەم هۆکار هەروەک پێشتر باسم کرد، لاوازیی تێکنۆلۆژیی ئەمنییە بۆ پێشگرتن لە درزکردنی زانیاری.

ئێران کەڵک لەو نەرمئامێر و ڕەقئامێرانە وەردەگرێ کە بە ئاسانی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە شیاوی دەستپێڕاگەیشتنن. کاتێک دوو بەرپرسی ئەمنی یان سیاسیی ئێران پێکەوە پەیوەندی دەگرن یان لە ڕێگەی دوورەوە زانیاریی لە نێوان تۆڕە سیخورییەکانی ئێران ئاڵوگۆڕ دەکرێ، کەڵک لە کۆمپیوتێر و تەلەیفوون و ئینتێرنێت وەردەگیرێ کە بە ئاسانی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.


ئەگەر وڵاتێک یان لایەنێک بیهەوێ لە ڕووی ئەمنییەوە بەرەورووی تێکنۆلۆژیی ئەمریکا ببێتەوە، دەبێ تێکنۆلۆژی ئەمنی لەو بەهێزتری هەبێ.

دووهەم هۆکار کێشە و دووبەرەکیی ناوخۆی دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێرانە. لە ئێران چەندین دەزگای زانیاریی هەن، بەڵام دوو دانەیان سەرەکین و لەگەڵ یەکتر لە ڕکابەریدان، ئەوانیش «سازمانی ئیتلاعاتی سوپا» و »وەزارەتی ئیتلاعات «ن. یەکێکیان سەر بە لایەنی دەسترۆیشتووی ڕێژیمە و یەکێکیان سەر بە حکوومەتی ڕووحانییە.

هەر کامیان لە ڕقی ئەویتر خەڵکی زیاتر دادەمەزرێنێ، ئەوەش وایکردووە کە خەڵکانێک تەنیا بۆ بەرژەوەندی پێگەی شەخسی و بۆ تاڵانکردنی پارە بچنە ناویان نەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ڕێژیمی ئێران.

هەروەها بەهۆی کێشەی ئابووریی لە ئێران بەشێک لە کەسانی سەر بەو دەزگایانە کە لە نێو سوپای پاسدارانیش هەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر دەوام ناهێنێ و پێویستە لە ڕێگایەکەوە خۆیان دەرباز بکەن.

هەر بۆیەش بەشێکیان بە کۆمەڵێک زانیاری نهێنییەوە پەیوەندی بە دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دژبەری ئێران دەکەن. لە ساڵانی ڕابردوودا ئەو نموونانە ڕوویان لە زیادبوون کردووە.



**-بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کە بەردەوام لەسەر توانایی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی دەدوێن، هەتا چەندە لە نێو خەڵکدا ئیدعاکانیان جێگای باوەڕە؟**

توانا ئیتلاعاتییەکانی ئێران لە ناوخۆی ئێران و لە سەر خەڵکی ئێران بەهێزە. ئەوەش پیشەی هەر حکوومەتێکی تۆتالیتەرە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگا ئەتۆمیزە بکا، واتە تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەر جۆرە بەستراوەییەکی حیزبی و ڕێکخراوەیی دامالێ تا بتوانێ خۆی تەیاریان بکا. لەلایەک، بە ترس و تۆقاندن فەزایەک دەخوڵقێنێ کە تاک نەوێرێ هیچ جووڵەیەک بە دژی دەسەڵات بکا. لە لایەکی دیکەوە، لە ڕووی هزرییەوە هەوڵی شوشتنەوەی مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگا دەدا. ئەنجامی ئەو کردەوانەش دروستبوونی تاکێکە لە کۆمەڵگادا کە نە مێشکی لە دەست خۆیدایە نە لەشی. ئەو دەزگا ئیتلاعاتییانە هەوڵ دەدەن لە هەر ماڵێک و هەر شوێنێکی گشتی و هەر ناوەندێکی حکوومەتی و ناحکوومەتی سیخوڕ دابنێن تا کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگا بگرنە دەست. لە ئاستی دەرەوەدا، ئیدعای بەرپرسانی ڕێژیم بێ بنەمایە و لە پرسیارەکانی پێشووشدا هۆکارەکانیم باس کرد. کاری سیخوڕی و ئیتلاعاتی کارێکی نهێنییە و بە هیچ شێوەیەک چەندی و چۆنیی ئەنجامدانەکەی نادرکێندرێ. ئەوەیکە بەرپرسانی ئێران بە ئاشکرا لە میدیاکان باسی ئۆپەراسیۆنی نهێنی و سیخوڕی دەکەن و زۆر جار بە ڤیدیۆ کات و شوێن و نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکە بڵاو دەکەنەوە، خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە لەو ڕووەوە لاوازن و کەموکوڕییان هەیە بۆیە دەیانهەوێ بە پڕوپاگەندە پڕی بکەنەوە و وای پیشان بدەن کە بەهێزن.

**- ئەو هێرشە ئەمنیەتییانە چ کەشێکی ڕەوانی لە ئێران پێک دێنێت؟**

هەر هێرشێکی ئەمنی کەشێکی نائەمن و بێ متمانەیی دەخوڵقێنێ. یەکەم ئەوەیکە ئیدعاکانی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران دەبێتە بڵقی سەر ئاو. دووهەم ئەوەیکە، فەزایەکی نائەمن بۆ بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران دەخوڵقێ کە وا دەکا کار و کردەوەکانیان سنووردار بکەنەوە و مەجالی ›› ماجراجوویی ›› و ڕیسککردنیان نامێنێ.

سێهەم ئەوەیکە هەر بەرپرسێک لەلایەن خۆیەوە بە نیسبەت ئەوانیترەوە تووشی بێ متمانەیی دەبێ و خۆیشی دڵەڕاوکێی ئەوەی هەیە کە ئەوانیتر گومانی لێ بکەن.

دوای هەر هێرشێکی لەو شێوەیە کۆمەڵێک کەسی نێو دەزگا ئیتلاعاتییەکان بێسەروشوێن دەکرێن یان بە شێوەی گوماناوی دەکوژرێن.

زۆر جار هەندێک ناو و وێنەی نەناسراو بڵاو دەکەنەوە کە گوایە دەستیان لە هێرشەکە یان درزپێکردنی زانیارییەکان هەبووە و هەڵهاتوون.

زۆرێک لەو ناو و وێنانەی بڵاویان دەکەنەوە هەر بوونیان نییە، بەڵکوو تەنیا بۆ سڕینەوەی ڕووی بابەتەکەیە.

هەر جارێکیش باس لەوە دەکەن کە بکەرەکان بەرەو کوردستان هەڵهاتوون و لە سنوورەکان دەرباز بوونە. ئەوەش بۆ ئەوەیە کە زەینییەتی دۆستایەتیی کورد و ئیسرائیل یان کورد و دوژمن لە ڕای گشتیدا دروست بکەن و خەڵکی کوردستان بخەنە بەرەی دوژمنەوە.



هۆ کازیوەی بەیانی هەڵکە شنەبایەک،
هەڵۆیەکم لێ ون بووە بیدوزەوە بۆم.
لە کوێیە ئەو هەڵۆیەی بە رز بە رز،
دوور دوور دە فڕی؟ نایدۆزمەوە!
لە هەوار و زۆزانم بۆ چاو لێکە،
لەو لوتکە سەخت و بە رزانە.
من نازانم خەمخۆرەکەم لە کوێ وچانی گرتووە.
چاو دە گێڕم لە شاخ  و شار،
لە دوڵ و پیدەشت.
هە ڵۆیەکەم سەری سپی و چاوی پڕن لە هیوا و ڕاز،
سینگی دەیان داستانی تێدا نوسراوە،
گەر نەتناسی ناوی داد و ویژدانە،
پێناسەکەی دەستی پێشمەرگەیە و خاکیپۆش و
ناسناوەکەی ڕاسانە.
هەڵوکەی من بابی سەدان بابکوژراوی کوردستانە،
ماڵەکەی وی خانەی غەریبانە.
خوشەویستی خەڵکە، سەرمایەکەی.
بڵێسەی ڕووناکی ڕاسانە، ئاواتەکەی.
بابە هەستە!
بابە هەستە تۆ نەترسای لە ئاگر و تەم و دوکەڵ،
وەکوو ئاوی باران دەباری
فەرقی نە بوو بۆ تۆ ئاسمانی سنور،
نەدەترسای لە تێلبەندی سنور،
بابە هەستە چۆن دڵت دێت یا خەجەکەی لاهیجانی بێ ناز
بکەی.
پڵینگە سوورەکەی بابە،
ئارسانە ساواکەت بێ باب بکەی.

تۆی هەمیشە خاوەن بەڵێن،
چۆن دەتوانی سروشتی خۆت بگۆڕی.
تۆ سوێندت خواردبوو بۆ کوردستان، ئامانەتی تۆ بێت ئارسان.
ڕاسان هێشتا تینووی وانەی تۆیە.
پێنوس بیری تۆی کردووە،
وشەی جوان ڕازاوەیە،
ئامادەیە بیهۆنییەوە،
باسی شەهیدێکی هاوڕێت،
باسی خەمی کوڵبەرێک و دارێکی سووتاوی شاخ و چیروکی
ماسییەکی ئاو وشکبوی زرێبار و هاواری بەندکراوێکی
مافخوراو بنوسییەوە.
هەڵۆکەی من پارێزەرێکی خۆبەخشە،
پێی بڵێ سەدان مافخوراو لە بەر دەرگا چاوەڕێنە.
کات نەماوە و دواکەوتووە.
تۆ هەمیشە توندوتۆڵ و کاتشناسی، خێرە وا وەدواکەوتووی.
من تۆم دەوێت.
بیرتە گوتت کە من مردم هیچم نییە جێی بهێڵم.
وتم چون، دنیایەک خۆشەویستی،
سەدان وانەی سەختی ژیان.
دەیان داستان و حەماسە. سەدان هاوڕێی ڕۆژانی سەخت.
چاوەکانت جووتیک هیوای گەشن، بۆ ڕێگای تاریک
لهگەڵمن
ئەندێشەی تۆ پڕە لە بیرۆکەی تازە،
پڕە لە ئامانجی گەورە. هەزاران خە ونی تێدایە.
سۆفیان دەڵێت لە کوێیە هەڵۆکەی گەرمێنی،
تۆ پێی بڵێ نابێت پەیمانی بشکێنی،
دەبێت بێتەوە ئامێزی خۆم.

گەلاوێژ مێهفەر

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* · *No :797 20 April 2021*


ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



تۆ لە تۆرەمەی شۆڕشگێڕانی هەمیشە شۆڕشگێڕ بووی

تۆ لە ڕێبازی قاسملوودا ژیانت مانا کردەوە و

لە سێدارەی قازییەوە فێر بووی مردن بۆ پێشمەرگە مانای نییە

تۆ هاوسەنگەری سادقانەی شۆڕش و هاوڕێی

هەتا هەتایی شەهیدان و کۆڵنەدان بووی